



# جینۆساید لەیاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەنێودەولەتی کردنی (کورد وەك نمونە)



**د. سالار باسیرە**

## بەشی یەکەم

# جینۆساید

- پێشەکی
- جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان
- پێناسەکردنی جینۆساید لە خالەکانیدا
- جینۆساید بە ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ
- جینۆسایدو کۆمەلکوژیەکان لە مێژودا

## بەشی دووەم

# کەرەسەو ڕێگاکانی بە جینۆسایدکردن

- جینۆساید کردنی کورد لەپرۆسە جیاوازەکانیدا
- جینۆسایدکردنی ناوچە دابرێنراوەکان (داگیرکراوەکان)
- کەرەسەکانی بەنێودەولەتی کردنی جینۆساید (بریارەکانی دەولەتی عێراق)
- ڕێگاکانی بە نێودەولەتی کردنی دۆسیەی جینۆساید
- جینۆساید لە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆکان
- ئەنفال بەراورد ناکرێ بە کارەساتی چەکی کیمیاوی
- پاداشتکردنی کۆمەل کوژەکان و سزادانی قوربانیەکان (بریاری داگای تاوانەکانی عێراق)
- یەهودیەکان لەجیهاندا بەشوێن نازیەکاندا دەگەران
- جینۆساید کردنی هنودە سورەکانی ئەمریکا
- ڕۆلی شوێن و زەمەن لە چارەنوسی جینۆسایدکردنی کورد دا
- مرۆڤ لە نێوان درندەیی و ئاشتیخوازیدا

## بەشی سێیەم

# تراژیدیای ئەنفال

- هەورێکی رەش و کوشندە ئاسمانی کوردستانی ئەنفالکراوی گرت
- ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو.
- وتەی مندالە باوك ئەنفال کراوەکەی ئۆردوگای شۆرش

- پورە حەنیفە
- علی حەسەن مەجید ددان بە نەمانی ئەنفال کراوەکاندا دەنێت
- ئاماری قوربانیانی ئەنفال
- تەحسین شاوەیس و کارەساتی ئەنفال
- قەلاکەی قۆرەتوو

## بەشی چوارەم

## کۆمەل کوژیەکەی هەلەبجە

- ململانێی نێوان حکومەتی ئەمریکی و ئەلمانیا سەبارەت بە چەکی کیمیاوی عێراق
- هەلوێستی کاربەدەستانی ئەلمانیا
- کارگەکانی چەکی کیمیاوییان بۆ عێراق دروستکرد
- ئەلمانیاو ئاوشڤیتس
- سی و پێنج سال دوای ئاوشڤیتس
- ئەلمانیا و ئیسرائیل
- هەلوێستی ئەلمانیای ڕۆژهەلات و حکومەتی مۆسکۆ
- بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە ڤێتنام
- کۆنگرەکەی پاریس
- گەشتی پرۆفیسۆر هێندریکس سەرۆکی یەکەم وەفدەکەی UN بۆ هەلەبجە
- ئەنجامی لێکۆلینەوەی وەفدەکەی UN
- ئەنجامی وەفدەکەو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان
- نەبرینداری و نەخوێن لەسەر جەستەی کوژراوەکان دەبینران
- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ، پێکهاتەیەکی ناسەرکەوتوو

دەرئەنجام

سەرچاوەکان

## پێشەکی

وەك پالپشتێك بۆ یاساکانی سەبارەت بە جینۆساید هەندێك دەربارەی هەردوو تراژیدیای ئەنفال و کیمیاباران کۆلیومەتەوە. هەروەها دەربارەی جینۆسایدکردنی هندە سوورەکانی ئەمریکاو یەهودیەکان. لێرەدا بەشی یەکەمم پێشکەش کردوە بە باسێکی تیۆری دەربارەی جینۆساید. بەشی دووەم دەربارەی کۆمەلە بابەتێکی هەمە چەشنە وەك کەرەسەکان و ڕێگاکانی بە نێودەولەتی کردنی جینۆسایدو هەولمداوە گرنگیی بە نێودەولەتی کردنی ئەم دۆسیەیە بخەمە بەرچاو. بەشی سێیەم پەیوەندی بە تراژیدیای ئەنفال هەیەو لێکۆلینەوەیەکی زۆرتر مەیدانیە لەچوارچێوەی چوار گەشتدا ئەنجامم داوە بۆ ناوچەی گەرمیان لە سالی 1999 ، هەروەها لەمانگی 2001/10 و دواتر لە 2002/9. وێنەی زۆری فۆتۆغراف و ڤیدیۆم تۆمارکردوەو لە ئەلمانیا (100) خولەکم لێ مۆنتاژ کردوە. لە لایەن کەنالەکانی تەلەفزیۆن لە کوردستان لەو سالانەدا چەندین جار پەخشکراوە. ئەو ناوچانەی بۆ مەبەستی لێکۆلینەوەی ئەنفال رووم تێکردن بریتی بوون لە : *کەلارو کفری و هەندێ لە گوندەکانی دەوروبەری وەك فەتاح هۆمەرو کانی ماران و درۆزنە ...* تەق تەق و ئەو گوندانەی دەکەونە نێوان ئێرەو چەمچەمال (سماقە ، قەسرۆك ، پردخەبەر ، گۆپتەپە ، عەسکەر). *ئۆردوگای شۆرش سەر بە قەزای چەمچەمال. *قەلاکەی سوسێ / قەلایەکی سەربازیی گەورە ، دەکەوێتە نێوان سلێمانی و دوکان بەتایبەت ژێرخانی ئەم سەربازگەیە وەك شوێنی کۆکردنەوەی خەلکانی ئەنفالکراو بەکارهێنراوە کە لێرەوە دواتر ڕەوانەی خوارووی عێراق کراوون. سەبارەت بە بەشی سێیەم، چەکی کیمیاوی ، لێکۆلینەوەیەکی تیۆری و ئەکادیمیە. من لە ماوەی ئەو چەند سالەدا چەند دۆسیەیەکم لە بەشەکانی میدیاو ئەرشیڤەکانی ئەلمانیاو ئەوروپا سەبارەت بە چەکی کیمیاوی کۆکردۆتەوەو ئەرشیڤ کردوە کە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە بەتایبەت لەسەر ئاستی بەنێودەولەتیی کردنی کەیسی جینۆساید. ئەم کتێبە لە ئایندەیەکی نزیکدا وەریدەگێردرێتە سەر هەردوو زمانی ئەلمانی و ئینگلیزی.

dr.salarbasira@hotmail.com

## بەشی یەکەم

# جینۆساید

- پێشەکی
- جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان
- پێناسەکردنی جینۆساید لە خاڵەکانیدا
- جینۆساید بە ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ
- جینۆسایدو کۆمەلکوژیەکان لە مێژودا

# بەشی یەکەم

# ( جینۆساید )

## جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان

جینۆساید وشەیەکی لاتینیەو لەزمانی یاساو سیاسەتدا بەکاردەهێنرێ. تاوانێکی نێودەولەتیەو بەواتای گەل کوژی ، یان ڕەگەز کوژی دێت. جینۆساید لەم ڕوانگە نێودەولەتیەوە بۆی بروانین دەستدرێژیە بۆسەر ئاسایش و ئاشتی. هەربۆیە دەبێت لەسەر ئاستی یاسای نێودەولەتی مامەلەی لەگەلدا بکرێت. جینۆساید بەتەنیا کێشەیەکی سیاسی نیە بەلکو یاساییشە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو تراژیدیاو ڕاپۆرتانەی سەبارەت بە جینۆساید لەلایەن ڕژێمی نازیەوە بەتایبەت بەرامبەر بە یەهودیەکان کە بەهۆلۆکۆست ناسراوەو ئەنجامدراون، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سالی 1948 بریارێکی دەرکرد سەبارەت بە ڕێگەنەدان و سزادانی ئەنجامدانی کۆمەل کوژی (جینۆساید). ئەم بریارە لە یاساکانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لە 1948/12/9 تۆمارکراوەو لە بریاری 260 پەسەندکراوەو لە 1951/1/12 بوە بە یاساو شتێك نیە کە بە ڕۆیشتنی کات بەسەریدا لە رووی یاساییەوە تێبپەرێنرێت. کۆمەلێك لە دەولەتان درەنگ واژۆی ئەم بریارە یاساییەیان کرد. ئەلمانیا لە 1955/2 ، نەمسا لە 1958/3/19 ، سویسرا لە 2000/9/7. لە یاسا نیشتیمانیەکانی ئەلمانیاو سویسرا هەمان ئەو پێناسەیە دراوە بە جینۆساید وەك ئەوەی لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتووە. بەلام زۆرێك لە دەولەتان پابەندی ئەو ڕێکەوتنامەیە نەبوون هەرچەندە مۆریشیان کردوە. دەولەتی عێراق لە 20ی کانونی سالی 1959 ڕێکەوتنامەی جینۆسایدی مۆرکردوە ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە سالی 1948 بریاری لەسەرداوە بەلام حکومەتی عێراق بابەندی بریارەکە نەبووەو سیاسەتی جینۆسایدکردنی بەرامبەر گەلی کورد ئەنجامدا. هەرچەندە تاوانەکانی هۆلۆکۆست لەسەردەمێکدا رویدا کە یاسای جینۆساید دانەنرابوو ، واتا جینۆساید تەنها زاراوەیەك بوو نەك یاسایەك بەلام کۆدەنگیەك هەیە لە نێوان پسپۆرانی بواری یاسای تاوانی نێودەولەتی کە هۆلۆکۆست بەبێ هیچ دودلیەك سەرجەم بنەماکانی جینۆسایدی تێدایە.

**لێرەدا چوار شێوە بۆ تاوانە نێودەولەتیەکان دیاریکراوە :**

**تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی** : (بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەلەبجە ، 1988. تاوانی پێشیل کردنەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕژێمی تالیبان لە ئەفغانستان). بێگومان جینۆسایدیش هەر تاوانە دژ بە مرۆڤایەتی بەلام پێناسەو میتۆدەکانی جیاوازە.

- **تاوانەکانی جەنگ** : (ڕژێمی نازی لە جەنگی دوەمی جیهانیدا. جەنگی دژ بە ڤێتنام لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ، 1962 - 1975. دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستان دژ بە گەلی کورد).
- **تاوانەکانی دوژمنکاری** : (هێزی چەکداری دەولەتێك دژ بە یەکپارچەیی و سەروەری دەولەتێکی دیکە (ڕژێمی عێراقی بەعس دژ بە دەولەتی کوێت / ئێران / کورد).
- **تاوانەکانی لەناوبردنی بەکۆمەل** : (بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە هەلەبجە. ئەنفال کردنی بە کۆمەلی کورد لەعێراق. کۆمەل کوژی لەلایەن پۆل پۆت لە کەمبۆدچا ، 1975– 1979).

## پێناسەکردنی جینۆساید لە خالەکانیدا

جینۆساید لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لەگشت خالەکانیدا پێناسەکراوە بە ئامانجی وێرانکردن و لەناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی نەتەوەیەك، کەمایەتیەك، رەگەزێك یان گروپێکی کۆمەلایەتی وئاینی ئەنجام بدرێت بە شێوەیەکی عەمدی و نەخشەکێشراو ، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ. لەبەندی دووی ئەم پەیماننامەیەدا هاتووە:

1) ئەنجامدانی زیانی گیانی و رۆحی.
2) کوشتنی ئەندامانی کۆمەلگا.
3) بەعەمدەن شێوەیەکی تری ژیان بەسەر ئەو کۆمەلگایەدا بسەپێنرێت کە پێشتر دەزانرێت دەبێتە هۆی لەناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی کۆمەلگاکە.
4) فەرمان دەرکردن بۆ گرتنەبەری ڕێگاوشوێن بۆ ڕێگاگرتن لە دایکبوونی مندال.
5) گواستنەوەی بە زۆری مندالان لە گروپێکەوە بۆ یەکێکی تر.

لە ئامانجی نەخشەی جینۆساید کردن وێرانکردنی دامودەزگا سیاسی و کۆمەلایەتیەکانە ، کەلتور و زمان ، هەستی نەتەوەیی ، ئاین ، ژیانی ئابوری گەلێك. هەروەها وێرانکردنی ئاسایشی کەسیی ، ئازادی ، باری تەندروستی و کەرامەتی تاك ... جینۆساید لە دوو قۆناغدا دەردەکەوێ : یەکێکیان بریتیە لە وێرانکردنی خەسلەتە نەتەوەییەکانی گروپ و گەلە چەوسێنراوەکە. خەسلەتەکانی نەتەوەی چەوسێنەر بەسەر نەتەوەی چەوساوەدا بسەپێنرێ. دەستبەسەر کراوەکان بۆیان نیە ولات جێبهێلن بەلام لەلایەن داگیرکەرەوە دەردەکرێن و ناوچەکەیان لەلایەن خەلکانی چەوسێنەرەوە کۆلۆنیزە دەکرێ. دەبێت ئەوەش بزانرێت کۆمەل کوژیی تەنیا کێشەی کاتی جەنگ نیە بەلکو هی کاتی

ئاشتیشە. بەپێی رەشنووسی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ( of Progressive Development of International Lawص Council) کە لە 1947/7 پێشکەش کراوە تێیدا هاتوە: کۆمەل کوژیی تاوانە کە بە سێ شێوە ئەنجام ئەدرێ (فیزیکی ، بایۆلۆژی و کەلتوریی) کە زۆربەی جار پەیوەندییان پێکەوە هەیە. وێرانکردنی بە ئەنقەستی کەلتورێك بە هەمان جدیەتی یاسایی مامەلەی لەگەلدا دەکرێ هەروەك ئەوەی وێرانکردنی تەواوی لایەنی فیزیکی. کۆمەل کوژیی کەلتوریی بەو شێوەیەی لە یاساکاندا هاتوە بریتیە لە وێرانکردنی خەسلەتە تایبەتەکانی گەلێك یان گروپێکی کۆمەلایەتی کە چەند ئیجرائاتێکی بۆ دەگیرێتە بەر: گواستنەوەی مندالانی گروپێك بۆ گروپێکی تر. زۆردارانە دورخستنەوەی مرۆڤ کە سەر بە کەلتوری گروپێکن. قەدەغەکردنی قسەکردن بە زمانی نیشتیمانی ، پراکتیزە کردنی ئاینەکەیان ، قەدەغەکردنی فکرو نوسین و بلاوکراوە ، وێرانکردنی سیستێماتیکانەی پەیکەرە مێژویی و ئاینی و هونەریەکان ، یان خراپ بەکارهێنانیان. بەئەنقەست وێرانکردنی پێکهاتە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوریەکانی گروپێك ، گەلێك یان نەتەوەیەك ، ئەمانە بە روونیی وەك رەفتاری تاوانی کۆمەل کوژی و گەل کوژی دەناسرێتەوە. ئەنجامەکەی بریتیە لە کۆمەل کوژیی کە تەواوی گەلێك بە زۆرو ناچارکردن بوونیان نەهێلدرێ ئیتر ئایا ئەو وێرانکردن و نەهێشتنە بە نێوی رەگەزی ، یان کەلتوریەوە بکرێ یان بە رێگای گەشەکردنی تەکنەلۆژیا / ئابوری ... جەوهەری کۆمەل لە نەهێشتن و وێرانکردنی کۆمەلدا دەبینرێ ئیتر بە هەرکام لە میتۆدو بە هەر نێویکەوە بکرێ[1].

ناتوانرێ بەراوردی جینۆسایدێك لەگەل یەکێکی تردا بکرێت. یەهودیەکان کارەساتی گەلەکەیان بە هۆلۆکۆست نێودەبەن و بەگەورەتر لە جینۆساید دایدەنێن ، بەلام هۆلۆکۆستیش هەر بریتیە لە جینۆسایدکردن و هەموو جینۆسایدێکیش دیاردەیەکی پرتراژیدیایە. گرنگ نیە تەنیا ملیۆنێکی نەتەوەیەك ، یان 5 ملیۆن ئەرمەنی بێت ، 6 ملیۆن یەهودی ، سەد ملیۆن هنودە سنورەکان بێت ، یان 300 هەزار کورد بێت. هەموو مرۆڤێك کە لەلایەن ئەوی ترەوە وێران و ئیبادە بکرێ ، مرۆڤە ، ئەوەش تاوانە بەرامبەر مرۆڤ چونکە هەموو مرۆڤێك وەك یەك وایە. مرۆڤ لە دایك نەبووە بۆ ئەوەی بکوژرێت یان جینۆساید بکرێت. تاوانی جینۆساید گەورەترە وەك تەنیا لە داگیرکردنی یان ژێردەستە کردنی ولاتێك لە لایەن هێزێکی ترەوە، چونکە سرینەوەی دەرئەنجامی تاوانی جینۆساید مەحالە یان زۆر سەختە.

## جینۆساید بە ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ

جینۆساید بە زۆروکەمی ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ کە ئەو بکەرەی پێگوناهبار بکرێ بەوەی کرداری کۆمەل کوژی ئەنجامداوە. جینۆساید دەکرێ ئەنجام بدرێ بێئەوەی تەنیا یەك مرۆڤیش تێیدا

[1]) Desmond F ernandez ; Ronald Ofteringer , Verfolgung, Krieg und Zerstörung der ethnischen Identität: Genozid an den Kurden in der Türkei , [Hrsg.: von medico international e.V.] , Frankfurt am Main , 2001.

بکوژرێت. ئەوە بە جینۆساید (گەل کوژی) دانانرێت ئەگەر ئامانجەکە لەوەدا نەبێت گروپێکی کۆمەلایەتی یان بەشێکی گەل و کۆمەلەکە وێران نەکرێ بەمەرجەکانی جینۆساید کردن (بروانە چوار مەرجە ئاماژە پێکراوەکانی جینۆساید کردن) ئیتر ژمارەی ئەوانە هەرچەندێك بن کە دەکوژرێن. لێرەدا ئاماژە بە چەند بەندێك ئەدەم سەبارەت بە گرنگیی یاسای جینۆسایدی سالی 1948: لە بەندی یەکەمی ئەم پەیماننامەیەی سالّی 1948 مەبەستە سەرەکیەکەی جینۆساید دەخاتەروو کە دەولّەتانی ئەندام جەخت دەکەنەوە کە جینۆساید چ لە کاتی ئاشتی و چ لەکاتی جەنگدا بەتاوانێکی نێودەولّەتی دەژمێردرێت. ئەوان بەلّێن دەدەن بەر بەجینۆساید بگرن و ئەنجامدەرانی سزا بدەن.

**ئەوەی پەیوەندی بە بەندی سێیەمی پەیماننامەکەوە هەیەو شیاوی سزادانە بریتیە لە:**

1- جینۆساید.

2- هەولّدان و پلان دانان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

3- بزواندنی ڕاستەوخۆو ئاشکرایانە بۆ ئەنجامدانی کوشتن.

4- بەشداری لەکاری جینۆساید.

## جینۆسایدو کۆمەلکوژیەکان لە مێژودا

کەم نین ئەو کۆمەل کوژیانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامدراوە بەرامبەر بە کوردیش بەلام لەبەر ئەوەی نەنوسراونەتەوەو تەکنەلۆژیای پێشکەوتو نەبووە بۆ تۆمارکردنیان هەربۆیە بەئاسانی ونبوون.

- یەکیك لە گەورەترین کۆمەلکوژی لە مێژودا لە لایەن Leopold ی دوەم ، مەلیکی بەلجیکا 1885-1908 ئەنجامدراوە کە لەلایەن ئەمەوە لە پێکهێنانی کۆلۆنی کۆنغۆدا دانیشتوانەکەی نیوەکرد. لەم پرۆسەی وێرانکردنەیدا نزیکەی (10) ملیۆن مرۆڤی لەناوبردوە.
- وێرانکردنی یەهودیەکان بە فەرمانی ئەدۆلف هیتلەر کە بە هۆلۆکۆست ناسراوە کۆتایی بە ژیانی (حەوت) ملیۆن مرۆڤ هێنرا. سەرەتا نەخشەی لەناوبردنی (یانزە) ملیۆن یەهودی کرابوو لە ئەوروپا بەلام هاوپەیمانەکان کۆتاییان بەم پلانە هێنا.
- کۆمەل کوژیی و جینۆسایدکردنی هندە سورەکان لە کیشوەری ئەمریکا (نزیکەی 100 ملیۆن مرۆڤ).
- کۆمەلکوژی ئەرمەنەکان لە لایەن تورکەکانەوە لەسالی 1915/1916. کوژرانی (ملیۆن و نیوێك) مرۆڤ.

- کۆمەلکوژی دەولەتی تورک بەرامبەر بە کورد لە جەنگی یەکەمی جیهانیی ، 1916/1917.



**کۆمەل کوژی کورد لە شاری ئاگری لەلایەن رژێمی تورکەوە**

- کوژرانی (سێ سەد هەزار) لە مەسیحیە ئەرەمیەکان و ئاسوریەکان لە سالانی 1914-1915، لە نێو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە لایەن سوپای تورکەوە.
- کۆمەلکوژی بەرامبەر چینیە ئیندۆنیزیەکان لە سالی 1965 (یەك ملیۆن).
- کۆمەلکوژی هیندۆسەکان لە دوای سەربەخۆیی بەنگلادیش لە سالی 1971 نزیکەی (سێ ملیۆن) قوربانی.
- کۆمەلکوژی بەرامبەر مەسیحیەکانی تەیموری رۆژهەلات لە سالانی 1975 تا 1999، (180 هەزار) قوربانی ، نزیکەی %20ی سەرجەم دانیشتوان.
- کۆمەلکوژی لە دارفور (سۆدان) (شەش سەد هەزار) کوژراو ، لە سالی 2003 وە.
- لە مێژووی ئیسلامدا هەروەك لە مێژووی مەسیحیەکان کۆمەلکوژی هەبووە بەلام هەمووی لە یادکراوون چونکە مێژوو لەلایەن سەرکەوتوەکانەوە نوسراوەتەوە. کۆمەلکوژی دژی بەنی القریش لە سالی 627.
- کۆمەلکوژی دژی دانیشتوانی ئەسلی ئوستورالیا.

- کۆمەلکوژی بەرامبەر چیرکیسەکان 1864 بەدواوە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی قەیسەرەوە.
- کۆمەلکوژی سوپای ئەلمانەکان لە خوارووی رۆژئاوی ئەفەریقا بەرامبەر بە هیریرۆکان لە 1904.
- کۆمەلکوژی بەرامبەر ئۆکرانیەکان لە یەکێتی سۆڤیەت (1933/1932).
- کۆمەلکوژی بەرامبەر هندۆسەکان لە پاکستان و موسلمانەکان لە هند هەر یەکەو نزیکەی (یەك ملیۆن کوژراو).
- کۆمەلکوژی بەرامبەر تیبیتەکان لە سەردەمی ماوتسی تۆنگ.
- کۆمەلکوژی بەرامبەر ئیبۆسەکان لە نیجیریا 1966- 1970 (یەك ملیۆن) کوژراو.
- کۆمەلکوژی لە کەمبۆدیا (1979–1971).
- کۆمەلکوژی لە تەیموری رۆژهەلات (1999–1975).
- کۆمەلکوژی هوتوەکان دژ بە توتسیەکان (1994). نزیکەی (یەك ملیۆن) کەس لە تەنیا 100 رۆژدا کوژران کە نزیکەی 75٪ی توتسیەکان دەکات لە رواندا.
- قەسابخانەکەی سریبرینسا / یۆغۆسلاڤیا 1995.
- کۆمەلکوژی بەرامبەر بە هەزارەکان و ئەوانەی کە پەشتوو نەبوون لە ئەفغانستان لە لایەن تالیبانەکان (2001–1996).

سەرەرای ژمارەیەکی زۆری کۆمەلکوژیەکانی دونیا بەلام ژمارەیەکی زۆر کەم لەم تاوانانە لەلایەن دادگایەکی نێودەولەتیەوە بە جینۆساید ناسراوە. ئەو تاوانانەی لێرەدا ئاماژەم پێداوون تەنیا دلۆپێکە لە دەریایەك. ئایا ئەوانە کۆمەل کوژیە یان دەچنە قالبی تری تاوانەوە وەك تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی ، یان تاوانی جەنگ؟ ئەم پێناسانە کێشمەکێشی لەسەرە. کەواتە تاوانەکان هەریەکەو دەچنە نێو یەکێك لە لیستی تاوانەکان کە پێشتر ئاماژەم پێداوە. تەنانەت ئەگەر بروانینە تاوانەکانی جەنگ لە مێژودا دەبینین بە سەدان ملیۆن گیان بەم رێگایە لەنێوبراوە (تاوانەکانی جەنگ). لەم پێنج هەزار سالەی دوایدا بەپێی لێکۆلینەوەی شارەزایانی مێژوو زیاتر لە 14 هەزار جەنگ تۆمار کراوە. زیاتر لە چوار ملیارد مرۆڤ بەهۆی جەنگەوە کوژراوە کە دەکاتە نزیکەی 2/3 ی کۆی سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی ئەمرۆی سەر زەوی. بەتەنیا لەسەدەی بیستەمدا دوو جەنگی جیهانی رویداوە. لە جەنگی دوەمی جیهانیەوە هەتا ئێستە زیاتر مرۆڤ بەهۆی جەنگەوە گیانیان لەدەستداوە بەقەد ژمارەی ئەوانەی لەجەنگی دوەمدا کوژراون یان بەهۆی جەنگەوە وێرانبوون. لە راستیدا کاتی ئەوە بۆ مرۆڤ هاتووە لە نوێوە خۆی هەلبسەنگێنێت کە ئەم چیە؟

## بەشی دووەم

# کەرەسەو ڕێگاکانی بە جینۆسایدکردن

- جینۆساید کردنی کورد لەپرۆسە جیاوازەکانیدا
- جینۆسایدکردنی ناوچە دابرێنراوەکان (داگیرکراوەکان)
- کەرەسەکانی بەنێودەولەتی کردنی جینۆساید (بریارەکانی دەولەتی عێراق)
- ڕێگاکانی بە نێودەولەتی کردنی دۆسیەی جینۆساید
- جینۆساید لە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆکان
- ئەنفال بەراورد ناکرێ بە کارەساتی چەکی کیمیاوی
- پاداشتکردنی کۆمەل کوژەکان و سزادانی قوربانیەکان (بریاری دادگای تاوانەکانی عێراق)
- یەهودیەکان لەجیهاندا بەشوێن نازیەکاندا دەگەڕان
- جینۆساید کردنی هنودە سورەکانی ئەمریکا
- ڕۆلی شوێن و زەمەن لە چارەنوسی جینۆسایدکردنی کورد دا
- مرۆڤ لە نێوان درندەیی و ئاشتیخوازیدا

**بەشی دووەم**

## ( کەرەسەو ڕێگاکانی بە جینۆسایدکردن )

## جینۆساید کردنی کورد لەپرۆسە جیاوازەکانیدا

لە چوارچێوەی سیاسەتێکی دیاریکراو ، بەنەخشە تاوانەکان بەشێوەیەکی سیستێماتیك لەلایەن رژێمی بەعسەوە دژ بە خەلکی مەدەنی کورد لە کوردستان / عێراق ئەنجامدراون کە بریتین لە:

1) ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال.
2) بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، فسفۆری و بایۆلۆژی. ئەو چەکانەی دەبنە هۆی کۆمەلکوژی مرۆڤ و قرکردنی ئاژەلٚ و بالٚندەو ژەهراوی کردنی سروشت و کەرەستەکانی ژیان.
3) سەپاندنی مەرگ بە شێوە جیاوازەکان.
4) وێرانکردنی دێهات و شارۆچکەو سەرچاوەکانی ژیان وەك کشتوکال ، کانیاو ، باغ و بێستانەکان. ژەهر دەکرانە ناو کانیاوەکانەوەو سەریان بە چیمەنتۆ دادەپۆشران و دارودرەختی ولاتەکە دەبڕدرانەوەو مەوادی کیمیاوییان پێدا دەکرا. لە ناوچەی شیعە نشینەکانیش بەعس بە سەدان هەزار دارخورمای بڕییەوەو بە نەخشە هۆرەکانی وشك دەکرد.
5) راگواستنی بەزۆرەملەیی دانیشتوان. راگواستن دەبێتە هۆی هەلٚتەکاندنی پێکهاتەی کۆمەلایەتی و بنەما ئابوریەکان و تێکدانی ئاسایش و باری دەرونیی.
6) شێواندنی باری رۆحی و دەرونیی کۆمەل لە ئەنجامی کارە عەمدی و نەخشەکێشراوەکان.
7) سیاسەتی بەعەرەب کردن و بەم هۆیەوە هەولی تێکدانی کەلتورو زمان و ناسنامەی نەتەوەیی و بەها کۆمەلایەتیەکان (تعریب ، ترحیل و التهجیر) و سیاسەتی بە تورك و بە فارس کردن .
8) راگواستن و دەرکردنی کوردە فەیلیەکان لە ناوچەکانی خۆیان ، زۆرێکیان بۆ ئێران و پێنەدانی رەگەزنامەی عێراقی پێیان.
9) لە 1961 وە جەنگی سەپێنراو بەسەر باشوری کوردستاندا لە لایەن رژێمەکانی بەغداوە ، بوونی ئەو مەترسیە لە ئێستاشدا. لە راستیدا زیاتر لە نەوەد سالە کورد جینۆساید دەکرێ لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.


ئەم بەلٚگەنامانە دەیسەلمێنێت کە گەلێك دوچاری جینۆساید بۆتەوە. تەنیا لە تێگەیشتن لە ئایدیۆلۆژیاو سیاسەتی حیزبی بەعس و سەدام حسێن ، ئەوانەی تورك و فارس دەکرێ لە جینۆساید کردنی کورد تێبگەین. بەلام لەبەرئەوەی مافی مرۆڤ لە کوردستاندا پارێزراو نەبوە گەلی کورد ناچاربوە لە دژی درندەیی و چەوساندنەوە راپەرێت ، بەرگری لەخۆی بکات و وەك دوائامراز رێگای وەلامدانەوەی گونجاو بۆ خۆی هەلبژێرێت بەرامبەر بەو دەولەتانەی مافەکانی زەوت کردوەو سیاسەتی کۆمەل کوژیی و جینۆسایدکردنی پیادە دەکەن. لەماددەی یەکی یاسای رێکخراوی نەتەوە

یەکگرتوەکاندا هاتوە: هەموو نەتەوەیەك مافـی دیاریکردنی چارەی خۆنوسینی هەیە کە لە ئازادیدا گەشە بەمافـی سیاسی ، ئابوری و کۆمەڵایەتی و کەلتوری خۆی بدات.

## جینۆسایدکردنی ناوچە دابڕێنراوەکان (داگیرکراوەکان)

هەموو ئەو میتۆدانەی لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە لە ناوچە دابڕێنراوەکان (داگیرکراوەکان) لەلایەن حکومەتی ئێستەی عێراقەوە پیادە دەکرێ بەرامبەر بە کورد بەئاراستەی جینۆساید کردن دەروات ، ئەگەر گشت خالەکانیشی نەگرێتەوە. نیەتی حکومەتی بەغدا بە ئاراستەیەکی باشدا ناروات. ئەمە لە کاتێکدا کورد بەشێکە لە سەرکۆماریی و حکومەت و پەرلەمان و سوپای عێراق. لەو میتۆدانەی لە ناوچە داگیرکراوەکان دوای روخانی بەعسیش پیادە دەکرێت بریتیە لەسیاسەتی تەعریب کردن بە میتۆدی تایبەت : بەرێگای تیرۆرکردن و ترساندن و پشتگوێ خستنی ئەو ناوچانە ، دروستبوونی زیان و ترسی رۆحی و گیانی ، بەم هۆیەوە کۆچ پێکردنی دانیشتوانەکەی. بەزۆر داگیرکردن و کۆلۆنیزە کردنی بەشێك لە خاکەکەی ، رێگریکردن لەبەکارهێنانی زمانی کوردی لە شوێنە فەرمیەکان و لە قوتابخانەو زانکۆکانداو سەپاندنی زمانی عەرەبی ، بەم رێگایەوە هەولی گۆرینی کەلتوری نەتەوەیی ئەدرێ کە کاریگەریی لەسەر هاولاتی بوون و ناسنامە لە دەرئەنجامەکانیەتی. رێگاگرتن لە بەکارهێنانی زمان دەچێتە خانەی میتۆدەکانی هەولی جینۆساید کردن ، ئەمەش پێچەوانەی یاسا نێودەولەتیەکانە.

باشوری کوردستان (هەرێمی کوردستان و ناوچە دابڕێنراوەکان)



## کەرەسەکانی بەنێودەولەتی کردنی جینۆساید

## (بڕیارەکانی دەولەتی عێراق)

جینۆساید دۆسیەو چەکێکی سیاسی ویاسایی گەورەو گرنگە بەدەست کوردەوە لەسەر ئاستی عێراق و نێودەولەتی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی. پەرلەمانی فەرەنسا کۆمەلکوژیەکەی دەولەتی تورکی بەرامبەر بە ئەرمەنەکان وەك جینۆساید ناساند. ئەرمەنەکان دەتوانن کار بەم ددانپێدانە بکەن لەسەر ئاستی یاسای نێودەولەتی بەتایبەت کە دەولەتی تورك ددانی بە کۆمەلکوژی ئەم گەلە نەناوە کە لەنێو دەولەتەکەی خۆیدا ژیاوە. بەلام دادگای بالای تاوانەکانی عێراق بەفەرمی ددانی بە چوار کەیسی گرنگدا ناوە کە حینۆساید و کۆمەل کوژییە کە بریتین لە (ئەنفال ، هەلەبجە ، کوردە فەیلیەکان ، بارزانیەکان). کەواتە ئەوەی پێویستە کورد کاری لەسەر بکات بریتیە لە بەکارهێنانی ئەم دۆسیە یاساییە لەسەر ئاستی نێودەولەتی وەك ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. ئەو دەزگا نێودەولەتیەی کاتی خۆی ڕژێمی سەدام حسێنی مەحکوم نەکرد بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەرامبەر بە خەلکیی مەدەنی بەتایبەت لە هەلەبجە چ جای سزادانی. کەواتە بۆ ئەم مەبەستە کەرەسەی خاو لەبەردەمدا هەیە، بەلام دەسەلاتی کوردی هەتا ئێستە کاری لەسەر نەکردوە بۆ بە نێودەولەتی کردنی ئەم کەیسە. نابێت ڕێگا بدرێت دۆسیەی ئەنفال، ئەنفال بکرێت. چەند تەنێك لە بەلگەنامەکانی سەردەمی بەعس هەن کە دوای ڕاپەرین کەوتۆتە چنگی حیزبە کوردیەکانی هەرێمی کوردستان و وەك مولکی شەخسیی مامەلەی پێوە دەکرێ ئیتر بۆ هەر مەبەستێك بێت بۆ نمونە حیزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان بێئەوەی ئەم بەلگەنامانە بەکاربهێنرێن بۆ بەرژەوەندیە گشتیەکان. ئەوە مولکی نەتەوەیە نەك هی حیزبێك ، یان کەسێك. پێویستە بزانرێت چی تێدا هەیە ، ئایا پەیوەندی بە کەیسی جینۆسایدو کۆمەل کوژیەوە هەیە ، ئایا کەسانێکی بالادەستی تێوە گلاوە؟ کارکردن لەسەر ئەم بەلگەنامانە دەبێت کاری ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی بێت کە لە هەرێمی کوردستان بوونی نیە. لەبری ئەوە ئاسایشی حیزب و سەرۆك هەیە.

ماوەیەکی زۆرە پرۆژەیەك لەلایەن وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالەکان بۆ بەنێودەولەتی کردنی کەیسی جینۆساید خراوەتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ بڕیاردان لەسەری بەلام بڕیاری لەسەر نادرێت ، پرۆژەو بڕیارێك کە دەبوایە بەر لە 21 سال دەستی پێبکرایە. ئەحزابەکانی دەسەلات بە ئۆپۆزیسیۆنیشەوە هەلسەنگاندنێکی ئەو چەند سالەی ژیانی سیاسییان پێشکەش بەرای گشتی بکەن ، بەوەی چییان ئەنجامداوە سەبارەت بە کەیسی جینۆساید لەسەر ئاستی نێوخۆو عێراق و نێودەولەتی ، بە تەنیا یاد کردنەوە بەس نیە. بەلام هەنگاونانی ڕاستەقینە بۆ ئەم مەبەستە بەر لەهەموو شت ئەرکی دەسەلاتی سیاسیە.

## رێگاكانی بە نێودەولەتی كردنی دۆسیەی جینۆساید

1) بەپێی دەستوری عێراق هەرێمی كوردستان بۆی هەیە لەباڵیۆزخانەكان و كونسولگەریەكانی عێراق لەدەرەوەی ولات نوسینگە بكاتەوە. بوونی ئەم نوسینگانە كاریگەری بەسوودی دەبێت بۆ كورد كە بەشێكی ئەو باڵیۆزو قونسولانە كوردن و سەر بە دوو حیزبەكەی دەسەلاتن. لەبری ئەوە هەردوو حیزبە گەورەكە نوێنەری خۆیان لەدەرەوەی ئەم دەزگا دبلۆماسیانە داناوە كە لەراستیدا نوێنەرایەتی تەنیا حیزب و سەرۆك دەكەن. دەولەتەكان بێگومان بەشێوازێكیتر مامەلە لەگەل ئەم دەزگا دبلۆماسیانەی وەك باڵیۆزخانەو كۆنسولگەریەكان دەكەن وەك لەگەل نوێنەری حیزبێكی بێدەولەت. كورد دەتوانێت بەم رێگا دبلۆماسیەوە لەبواری جینۆساید ناساندنیشدا بەپێی دەستور چالاك بێت. بەلام بەبوونی نوێنەرایەتیە هەرێمیەكان لەم دەزگا دەولەتیە فەرمیانەدا كورد دەبێت دەست لەنوسینگە حیزبیەكانی خۆی هەلبگرێت ، شتێك كە نەكراوە.

2) بەرێگای ئەو پەیوەندیە نێودەولەتیانەی دەسەلاتی هەرێم هەیەتی لەگەل دەرەوەدا ، بەتایبەت ئەوانەی بەرێگای بازرگانی و نەوتەوە دروستبووە. پێشتر نەتەوە ، دواتر حیزب.

3) كاركردن بۆ دۆزینەوەی لۆبی بەلام بۆ بەرژەوەندی گەل بێت.

4) لە رێگای نوێنەرایەتیەكانی حكومەتی هەرێم لە دەرەوە. دەسەلات و توانای مادی دراوەتە دەست ئەم نوێنەرایەتیانە كە بریتین لە تاكە كەس نەك دامودەزگا (موئەسەسە). بەم رێگایانەوە لەسەر ئاستی یاسایی *تۆماركردنی سكالا لەسەر ئەو كارگانەی چەكی كیمیاوی و زانیاری و تەكنەلۆژییان بە رژێمی سەدام حسێن فرۆشتوە بەتایبەت ئەوانەی ئەلمانیا.* پارێزەری شارەزای بۆ بگیرێت. كێشەكە بكرێتە كێشەیەكی سیاسی و یاسایی بەرفراوان ، بەلام ئەم نوێنەرایەتیانە ئەم ئەركە گرنگەیان پێنەسپێردراوەو خۆشیان كاریان بۆ نەكردوە. لێرەدا رۆلی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفال دیارنیە. ئەوەی كراوە تەنیا لەسەر ئاستی جالیەو رێكخراوە كوردیەكانی دەرەوەی دەسەلات بووە.

5) كۆمەلێك دامودەزگای سیاسی و یاسایی گرنگ هەن لە ئەوروپا كە لە رێگای ئەمانەوە دەكرێ رۆلی كاریگەر ببیندرێت بۆ دۆسیەی جینۆساید. ئەوروپا جگە لەوەی خاوەن چەندین دەولەتی نیشتیمانی سەربەخۆیە بەلام خاوەن پەرلەمانێكی ئەوروپای هاوبەشیشە كە دەكرێ لەسەر ئەم ئاستەش كاری جدی ئەنجام بدرێت بەتایبەت بەم قەوارە سیاسی و ئابوریەی ئێستە هەرێمی كوردستانی تێدایە. پەرلەمانی سوید كەیسی ئەنفالی بە جینۆساید ناساند ، هەموو ناساندنێكی

تری ئەنفال لە پەرلەمانی دەولەتەکانی ئەوروپا وەك جینۆساید کورد نزیك دەکاتەوە لە پێشەوە چوونی ئەم کەیسە بۆ بەردەم پەرلەمانی ئەوروپاو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. ژمارەیەکی بەرچاو لە قونسولگەریی دەولەتە بیانیەکان لە هەولێری پایتەخت کراونەتەوە. ئەمیش ڕێگایەکی سیاسی و دبلۆماسی گرنگە بۆ کورد.

6) ئەنجامدانی کۆنفرەنسی نێودەولەتی لە بەغدای پایتەخت ، لەپایتەختی ئەو دەولەتەی بە ناویەوە جینۆساید دژ بە گەلی کوردو شێعەش کراوە. گواستنەوەی کۆنفرەنسەکە بۆ میدیا عەرەبیەکان. ئایا دەسەلاتی کوردی لە حکومەت و پەرلەمان و سەرۆکایەتی و لە سوپادا قورسایی و کاریگەرییان لە کوێدایە لە بەغدا؟

7) پیادەکردنی دوو ئیدارەیی هەرێمی کوردستان بۆتە ڕێگر بۆ دروستبوونی ستراتیژی هاوبەش سەبارەت بە کەیسی جینۆساید. هەموو ئەوەی کە دەکرێن دەبێت سەر بە یەکێك لە دوو حیزبەکەی دەسەلات بێت. ئەم دیاردەیە لەسەر نوێنەرەکانی حیزب و حکومەتیش لە دەرەوەی عێراق رەنگی داوەتەوە. پێویستیبوون بە ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی هاوبەش هەیە بۆ ئەم کەیسە بەتایبەت کە رەهەندێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی هەیە.

8) *بریاری حکومەتی هەرێم لەسەر ئەو پرۆژەیەی خراوەتە بەردەمی بۆ بە نێودەولەتی کردنی دۆسیەی جینۆساید. لێرەدا دەبوایە وەزیری شەهیدان و ئەنفال هەلوێستی توندی هەبوایە سەبارەت بە بریارنەدان و پشتگوێ خستنی پرۆژەکە لەلایەن دەسەلاتەوە*[2]*. کەسانێکی زۆری پسپۆر هەن لە دەرەوەی ولات بۆ وەرگرتنی ئەم مەهامە. بەهەماهەنگی پسپۆرەکانی دەرەوەو ناوەوەی ولات سەردان و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دروستکردنی مۆزەخانە ، سەنتەری لێکۆلینەوە ، وەرگێڕانی نوسین و بەلگەنامە ، لێکۆلینەوە لەسەر شێوازی کارکردن بۆ بە نێودەولەتی کردنی ئەم کەیسە. ددانپێدانانی جینۆساید بەتایبەت لە لایەن دادگای بالاوە فاکتەرێکی یاریدەدەری سیاسی و یاساییە لە دروستبوونی دەولەتی کوردیشدا. یەکێك لەو دەولەتانەی بۆ ئەم بوارە کاری لەسەر بکەین بریتیە لە دەولەتی ئیسرائیلی خاوەن ئەزموون.*

9) *کارکردن لەسەر یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان:* لەبەر ڕۆشنایی ئەو راستیەی ئەوەی بەرامبەر کورد ئەنجامدراوە لەیاساکانی ئەم ڕێکخراوە نێودەولەتیەدا دەچێتە خانەی

[2]) لە حکومەتە "یەکگرتوەکەی هەرێم" دەبوایە وەزارەتەکەی ئێستە بەناوی (وەزارەتی کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوان) نەبوایە بەلکو وشەی جینۆسایدی بدرایەتێ. راستە ئەنفال جینۆسایدە، بەلام جینۆساید بەتەنیا ئەنفال ناگرێتەوە.

جینۆسایدەوە ، هەربۆیە دەبوایە دەسەلاتی کوردییش لەسەر ئەم ئاستە بەنەخشەو بەرنامەو لەسەر ئاستی ئەم یاسا نێودەولەتیە کاری بۆ بەجینۆساید ناساندن و بەنێودەولەتی کردنی تراژیدیا نەتەوەییەکانی کورد بکردایە. دەولەتی بەعسیش ئەندامی ئەم ڕێکخراوە بووە ، سەرەتاکانی ماف مرۆڤی واژۆ کردبوو ، هەروەك دەولەتی ئێستەی عێراق. یەکێك لە ئامانجی کارکردن لەسەر ئەم پرۆژەو بەرنامەیە بۆ ئەوەشە چونکە لەمێژووی سیاسی ئەمرۆدا دەکرێ مێژوو دوبارە بێتەوە. هۆکارێکی ئەوەی جەخت کرنەوەم لەسەر دەسەلاتی سیاسی کوردە لە باشوری کوردستان ئەوەیە چونکە ئەو توانایەی ئێستە ئەم بەشە هەیەتی بەشەکانی تری کوردستان نیەتی. دەبێت لەسەر ئاستی عێراقیش بە فەرمی بەناوی دەولەتی عێراقەوە داوای لێبوردن لەگەلی کورد بکرێت سەبارەت بەو جینۆسایدەی بەناوی دەولەتی عێراقەوە بەرامبەر بەم گەلە ئەنجام دراوە. قەرەبوکردنەوەی واریسەکانی ئەنفال وکیمیاباران و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان لەدەستوری عێراقدا بچەسپێت و بەیاسایەك کاری پێبکرێت چونکە دادگای بالای تاوانەکانی ئیتحادی ددانی بەو کەیسانەدا ناوە وەك جینۆساید هەربۆیە پێویستە چیتر لە دەستوری عێراقدا ناوی جینۆسایدی تێدا تۆمار بکرێت لەبری وشەی شەهید چونکە ئەمەیان ناکرێ قورسایی یاسای نێودەولەتی هەبێت. ئێستە کە لەپەرلەمانی عێراق دوای ئەم هەموو چەند سالە ئەو تراژیدیا نەتەوەییانە وەك جینۆساید ناسرا دەستکەوتی دەسەلاتی کوردی نیە کە دەبوایە موستەشارو جاشەکان بە تۆمەتی تاوانی کوشتنی بەکۆمەلی خەلکی مەدەنی کورد خۆی دادگایی بکردنایە بۆچی دەسەلاتی کوردی لەسەردەمی بەعسدا کەیسەکەی نەگەیاندۆتە دادگای بالای تاوانەکان لە لاهای؟ بەلایەنی کەمەوە ئەو دەزگا نێودەولەتیانەو سیاسەتی نێودەولەتی دەکرێ بخرێنە ژێر پرسیارەوە ئەگەر ئامادە نەبن ئەو یاسایانە پراکتیزە بکەن کە خۆیان نوسیویانە. ئەم کارە دەچووە مێژووی سیاسیشەوەو بەسوود دەبوو بۆ گەلانی کەش. هەروەها زەمینە خۆشکردن و ڕێگا کورتکردنەوەیەکیش دەبوو ڕۆژگارێك بۆ ناساندنی ئەو جینۆسایدانەش کە بەرامبەر بە گەلی کورد ئەنجام دراوون لە بەشەکانی تری کوردستاندا.



**کێ دەتوانێ لە ئازاری ئەم مرۆڤانە تێبگات جگە لەخۆیان**

## جینۆساید لە بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆکان

بابەتی جینۆساید پێویستە بچێتە ناو بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەو زانکۆکانەوە. هەروەها دامەزراندنی چەندین سەنتەری لێکۆلینەوە بۆی. تێیدا لە کۆمەلکوژیەکانی کۆمەلان و گەلانی کەش بکۆلرێتەوە. روداوی جینۆسایدکردنەکانی کورد بە دۆکیومێنت بکرێن و بکرێنە فیلم و رۆمان. بەپێی توانای سەردەم مۆزەخانەی تایبەتی بۆ بکرێتەوە کەنەوەکانی داهاتووش هەمیشە ئەم کارەسات و تراژیدیا مێژوییەیان لەبەرچاو بێت کە گرنگیی خۆیشی دەبێت لەسەر هەستی نەتەوەیی. نیشانی میوانانی بیانی و راگەیاندنە نێودەولەتیەکان بدرێت هەروەك ئەوەی یەهودیەکان بۆ مێژووی خۆیان دەیکەن سەبارەت بەو چەند ملیۆن مرۆڤەی کە بەو شێوە درندانەیە روبەرووی جینۆسایدکردن بوونەوە لەلایەن نازیەکانەوە چونکە مرۆڤ بیری کورتەو زوو مێژووی دوێنێی بیردەچێتەوە.

## ئەنفال بەراورد ناکرێ بە کارەساتی چەکی کیمیاوی

ئەنفال بەراورد ناکرێ بە کارەساتی چەکی کیمیاوی. جیاوازی لە نێوان پرۆسەی ئەنفال و کارەساتی هەلەبجەو کیمیاباران لەوەدایە کە ئەنفال دەبێت وەك پرۆسەیەك تێبگەین کە ئامانجی قڕکردنی (جینۆسایدکردنی) گەلێکی مەبەستبووە کە پێشتر پلانکراوبووە (ئەنفال رووداوێکی سروشتی نەبوو). هەمان ئەو شتە نەخشەکێشراوەی کە نازیەکان بەرامبەر بە گەلی یەهود ئەنجامیاندا ، یان ئەوەی ئەمریکیە سپیەکان بەرامبەر بە هنودە سورەکان... بەپێی یاسا نێودەولەتیەکان ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفالیش وەك جینۆساید دەبینرێ هەربۆیە دەشبێت لەسەرئاستی نێودەولەتی وەك جینۆساید ددانی پێدابنرێت بەتایبەت کە ئێستە دادگای بالای تاوانەکان لە عێراق ئەنفالی وەك جینۆساید ددان

پێداناوە. ددانپێدانانی پەرلەمانی سوید ، ئەنفال وەك جینۆساید بناسێنێت سەرکەوتنێکی باشە بۆ ئەم دۆسیەیە. ئەوە چیتر ئەرکی دەسەلاتی کوردیە کار بەو بریارە بالا فەرمی و یاساییانە بکات، ئەوەی کە هەتا ئێستە نەیکردووە.

## پاداشتکردنی کۆمەل کوژەکان و سزادانی قوربانیەکان

### ( بریاری داگای تاوانەکانی عێراق )

ماوەی چەند سالێکە دادگای بالای تاوانەکانی عێراق لە بریارێکیدا ژمارە (رس/83/10) بەرواری 2007/6/24 بریاری دەستگیرکردنی 421 کەسی دەرکرد لەنێو سەرکردایەتی سیاسی و سوپای عێراقدا بە تۆمەتی ئەوەی لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشداربوون. لە نێو ئەو تۆمەتبارانە 258 کەسیان کوردن. داوا لە دەسەلاتی کوردی کرا ئەوانە دەستبەسەر بکەن کە بەشداربوون لە جینۆسایدکردنی گەلەکەیان. ئەوانە لە کوردستانن ، بەئازادی دەسوڕێنەوە. هەندێك لەوانە ڕێگای چوونە دەرەوەی عێراقیان پێدرا. بەشێك لە تۆمەتبارەکان لەلایەن دوو حیزبە دەسەلاتدارەکە دالدەدراوون. هەندێك لەوانە پۆستی سیاسی و سەربازیشییان هەیە. کەواتە جەلادەکان بەبەر چاوی قوربانیەکاندا بەئازادی دەسورێنەوە. نابێت ئەنجامدەری تاوانی نێودەولەتی مافی پەناهەندەیی سیاسی پێبدرێت چونکە کەسێکی سیاسی نیەو تاوانەکەی بەکردەوەیەکی سیاسی دانانرێت و مافی پەناهەندەیی و مرۆییش نایگرێتەوە لەبەر ئەوەی تاوانبارێکی ئاسایی داواکراوەو پێویستە لەبەردەم یاسادا دادگایی بکرێت لەپای ئەو تاوانەی ئەنجامی داون و دەبێت ئەو سزا عادیلانە وەربگرێت کە بەپێی یاسا شایستەیەتی[3].

لەبری ئەوەی دەسەلاتی سیاسی هەرێم دوای ڕاپەرین خۆی دوای کۆکردنەوەی بەلگەنامەکان دادگایی ئەو تۆمەتبارانەی بکردایە ، کەچی لێبوردنی گشتی دەرکرد بێرەچاوکردنی ئەوانەی دەستیان لە خوێندا هەیە. بەم هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لە بەعسیەکان و مرۆڤ کوژەکان دایانە پال حیزبێکی سیاسی کوردی. ئەوە تراژیدیای دەسەلاتێکە کە ئازادی کردۆتە دروشم بۆ گەلەکەی. بە هەزاران لە تاوانبارانی سوپای عێراق و دەزگا جیاوازەکانی بەشداربوون لەم کۆمەل کوژیانە کەچی دەسەلاتدارانی هەرێمی کوردستان لەم 21 سالەی فەرمانرەوایەتیاندا نەیانویستوە تەنیا یەکێك لەو کۆمەل کوژانە بهێننە سەر شاشەی تەلەفزیۆن. کەچی دەسەلاتی کوردی هەموو سالێك یادی 6 ی کانوون دەکاتەوە. یادی ئەو سوپایەی کە بەشدار بووە لە کۆمەل کوژی گەلەکەی خۆی و ئەو رۆژەی کردۆتە پشوو. دیاردەیەکی چەندە تراژیدیە. دەسەلاتی دادوەری لەم هەرێمە هیچ رۆلێك نابینێت تێیدا چونکە سەربەخۆ نیە. وەك

3) ابو عمر، تاوانی ئەنفال لەروانگەی یاسای گشتی نێودەولەتیەوە ، وەرگێرانی/ دلاوەر عوسمان ، گۆڤاری سەروەری، ل.17 ،2006، ل. 42–43.

ئەوە وایە تاوانبارە نازیەکان لە سەردەمی رژێمی هیتلەردا یەهودیەکان جینۆساید بکەن بەلام دوای روخانی رژێمەکەی هیتلەر حکومەتی دوای ئەو چاو لە تاوانبارە نازیەکان دابخات و لێپرسینەوەیان لەگەل نەکرێت و دالدەش بدرێن. بێهەلویستی و بێدەنگیی رەزامەندی دەبەخشێت. ئەم بێدەنگیە باکگراوندی خۆی هەیە. ژمارەی دۆسیەکانی کەیسی ئەنفال لەلایەن دادگای بالای تاوانەکان لە بەغدا بریتیە لە 43 دۆسیەو لە 8500 لاپەرە پێکهاتوە. بەهەمان شێوە دەسەلاتی سیاسی بەغداش بەر رەخنە کەوتوە چونکە ئەمیش هەنگاوی نەناوە بۆ دەستگیرکردن و دادگایی کردنی تاوانبارانی جینۆساید بەپێی بریاری دادگای بالای تاوانەکانی عێراق.



**لەبەر ئەوەی شوێنی هەلگرتنی روفاتەکانی ئەنفال لە کوردستان نیە ، ئەوانەی لەو ناوچەیە دۆزرانەوە لە کەربەلا دانران. بە هۆی شۆرتی کارەباوە زیاتر لە 27 کەسیان سوتان / 2012**

## یەهودیەکان لەجیهاندا بەشوێن نازیەکاندا دەگەران

سەبارەت بەکوشتنی بەکۆمەلی یەهودیەکان لەلایەن نازیەکانەوە بەدەیان فیلم و راپۆرتی دۆکیومێنتاری وشانۆو رۆمان وکۆنفرەنسی نێودەولەتی و سەنتەری توێژینەوەی بەخۆوە گرتوە. یەهودیەکان مندالەکانیان و نەوەی نوێ بەشێوەیەك پەروەردە دەکەن هەروەك ئەم کارەساتە ئەمرۆکە روویدابێت. بەکۆماندۆی تایبەت لە ولاتەکانی جیهاندا بەشوێن نازیەکاندا دەگەران و لێیان دۆزینەوەو هێنرانەوە بۆ ئیسرائیل وکردیانن بەعیبرەت بۆ مێژوو. یەکێك لەو گەورە کۆمەلکوژانە ئەدۆلف ئایشمان بوو. لە 5/1960 دوای دۆزینەوەی لەلایەن سیخورەکانی ئیسرائیلەوە لە ئەرجەنتین ، رفێندرا بۆ ئیسرائیل. دوو سال دوای دادگایی کردنی حوکمی مردنی درابەسەرداو لە سێدارەدرا.





**ئەدۆلف ئایشمان کاتی دادگایی کردنی**

## جینۆساید کردنی هنودە سورەکانی ئەمریکا

لە سالی 1492 ئەمریکا لەلایەن کریستۆف کۆلۆمبوس دۆزرایەوە. بەپێی تەقدیری زانیارانی کۆمەلە سەرەتاییەکان کاتی خۆی لەکیشوەری ئەمریکا نزیکەی 110 ملیۆن لە هندە سورەکان ژیاون. لەکاتی گەیشتنی ئەوروپیەکان بۆ ئەوێ لە دورگەکانی ئەنتیل لە کەنداوی مەکسیك 8 ملیۆن هنود، لەمەکسیك خۆی 25 ملیۆن، لەناوچەی ئینکا 30 ملیۆن، لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نزیکەی 18 ملیۆن و ئەوانەی تر لە ناوچە گەورەکەی ئەمەزۆنا دەژیان. دواتر کۆلۆنیالیستە ئەوروپیەکان هاتن و کەوتنە قەساب کردنێکی بێوێنەی دانیشتوانی بەرەچەلەك ئەسلیی ناوچەکە کەهندە سورەکانن. بەتەنیا لە سەروی ئەمریکا ژمارەی هنودەکان لە 18 ملیۆنەوە لەسالی 1500 ، دوای بەرپاکردنی جەنگ لە دژیان لە سالی 1900 نزیکەی 250 هەزار کەسیان لێمایەوە. کەمبونەوەی ئەم ژمارەیە بە شێوەیەکی خێرا لە دورگەکانی ئەنتیلن بەدیدەکرا لەو شوێنەی کە دوچاری کاری کۆیلایەتی کران. بەتەنیا لە 35 سالدا ژمارەی دانیشتوانی ئەسلیی لە هایتی کە هندە سورەکان بوون لە سالی 1502 بریتی بووە لە 3 ملیۆن ، هەتا سالی 1537 تەنیا 200 هەزاری ماوەتەوە. نرخی ئەسپێکی باش بەقەد 80 کۆیلەی هندیەکی سوور بوو. لەکۆلۆنی ئینگلتەرەی نوێ کۆیلەکان دەفرۆشران. 40 پاوەن بۆ هەر کۆیلەیەك. 100 پاوەن بۆ هەر یەکێکی گەورەی بەتواناو جەنگاوەر. بەلام خراپترین بارودۆخ ئەو نەخۆشیانە بوون وەك کولێراو مەلاریاو ئاولەو نەخۆشی ساری تر روبەرووی هنودە سورەکان دەبوونەوە. ئەو نەخۆشیانەی هنودەکان بەرهەلستی سروشتییان نەبوو لەدژی. تەنانەت بەتانی تووشبوو بە نەخۆشی دابەش دەکران بەسەریاندا ئەمیش هەر بەئامانجی قرکردنی هنودەکان بوو. لە سەروی ئەمریکا ڕێگای تر گیرایەبەر بۆ قڕکردنیان. لەوێ هنودەکانیان لە لاگەرە زۆرەملەییەکاندا تێکترشاندبوو بەسەریەکداو میتۆدی کۆمەل کوژی لە دژیان گیرایەبەر. ئەو مرۆڤانەی کەخەلکی ئەسلی ئەم ولاتە بوون و ئەم ولاتە هی ئەمانبووە. لەسالی 1990 ژمارەی هنودەکان دوبارە گەیشتە دوو ملیۆن کە لە 90٪ یان بێکار بوون. ئەوەی لێرەدا

بەرونی دەردەکەوێت ئەو راستیەیە کە هندە سورەکانی خەلکی ئەسلی ئەم ولاتە لەلایەن دەسەلاتێکەوە بەمیتۆدی هەمەچەشنەو نەخشەکێشراو، و عەمدی رێگای جینۆساید کردنیان گیرایەبەر. هەولی لەناوبردن و کۆمەل کوژییان و گۆرینی کەلتورو زمان و فەرهەنگ و نەریت و بەهاکانیان درا. لەسەر زەوی و نیشتیمانی خۆیان هەلکەندران و لە شوێنە زۆرە ملەییەکان نیشتەجێ دەکران و شێوەیەکی تری ژیانیان بەسەردا سەپێندراو رێگا لە زاوزێ کردنیان پیادە دەکرا. ئازاری رۆحی و جەستەیی و گۆرینی ناسنامەیان بووە. ئەوەی بەرامبەر هندە سورەکان ئەنجامدرا هۆلۆکۆستی ئەمریکی بوو. ئەو هۆلۆکۆستەی لەسالی 1492 بە دواوە لەلایەن کۆلۆنیالیستە ئەوروپیەکانەوە بووە هۆی وێرانکردنی نزیکەی 100 ملیۆن ژیان. ژمارەیەکی زۆری هندە سورەکان بە تەورو شمشێر پارچە پارچە کران. بە زیندویی دەسوتێنران ، لەژێر قاچی ئەسپدا پان و پلیش دەکرانەوە. بۆ یاریکردن راویان دەکردن، دەکرانە خواردنی سەگ ، ئەشکەنجە ئەدران و سەریان لێدەکرانەوەو بەسەر داردا هەلدەواسران. بە زیندوویی بە سنگی قەسابخانەدا هەلدەواسران ، لە پاپۆرەوە فرێ ئەدرانە نێو دەریاوە. وەك كۆیلە کاری مردنیان پێدەکردن ، بەعەمدەن لە بەندیخانەدا بە سنگی دارەوە برسی دەکران هەتا مردن ، یان لەبەر سەرمادا رەق دەکرانەوە ، تووشی نەخۆشی سارییان دەکردن. ئەمانە هەمووی مرۆڤ بوون وێرانکران. ئەوانەش ئەم تاوانەیان ئەنجام ئەدا هەر مرۆڤ بوون. ئەگەر بروانینە زەمەنی ئەم کۆمەل کوژیانە ئەوا دەبێت بوترێ کە ئەم ژمارەیە بەبەراورد بە ژمارەی دانیشتوانی ئەو کاتەی جیهان رێژەو ژمارەیەکی زۆرە لە مرۆڤ.



**هندە سورەکانی کیشوەری ئەمریکا**



**( کەللەسەری کۆکراوەی هندە سورەکان دوای جینۆساید کردن و بەکۆمەل کوشتنیان )**

**ناوەراستی سالانی 1870**

de.wikipedia.org/wiki/**Indianer**

## ڕۆلی شوێن و زەمەن لە چارەنوسی جینۆسایدکردنی کورد دا

شوێن و زەمەن دوو فاکتەرن لەمێژودا هەمیشە شوێنەواری تایبەت و گرنگی خۆی داگیرکردوە. سەبارەت بە عێراق شوێنی روداوەکانی جینۆساید کردنی کورد باشوری کوردستان بوو. زەمەنەکەش سالی 1988 بوو. زەمەن لە رووی سیاسیشەوە رۆل و کاریگەریی خۆی دەبینێت. ئەم دوو فاکتەرە (شوێن و زەمەن) هەردوکیان شووم بوون بۆ کوردو روداني کارەساتەکان بەتايبەت لەرووی سیاسەتی نێودەولەتیەوە. کارەساتەکانی وەك ئەنفال و کیمیاباران و وێرانکردنی گوندەکان و راگواستنی دانیشتوانەکەی لەکۆتایی جەنگی عێراق / ئێراندا بوو. ئەو قۆناغە زەمەنیە هی سەردەمی جەنگی سارد بوو کە لەبەرژەوەندی عێراقدا بوو سەبارەت بە سیاسەتی هەردوو بەرەی رۆژئاواو رۆژهەلات. جەنگێك کە رۆژئاواو رۆژهەلات پشتگیریکەری رژێمی عێراق بوون دژ بەجمهوری ئیسلامی ئێران لەژێر سەرکردایەتی ئایەتولا خومەینی کە ئیدیعای گواستنەوەی شۆرشی شیعەی دەکرد بۆ ناوچەکانی کەنداو ، هەلگری سیاسەتی دژ بە ئیسرائیل و هەردوو بەرەی رۆژئاواو رۆژهەلات بوو. ئەمانە هەمووی بە سودو قازانجی عێراقی بەعس گەڕایەوە. تەنانەت رژێمی بەعس مەحکوم نەکرا لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ، یان پەرلەمانی ئەورپا بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نێودەولەتیی قەدەغەکراو لە هەلەبجەو دەوروبەر دژ بە خەلکی سڤیل نەك بەرامبەر سوپایەکی چەکدار وەك ئەوەی عێراق دژ بە سوپای ئێرانی بەکاری هێنا کە زیاتر لە 50 هەزار سەربازو پاسداری تێدا خنکێندراو سوتێنرا کە پێچەوانەی یاسا نێودەولەتیەکان بوو. ئەم روداوەش ئەو راستیەی نیشاندا کە UN رێکخراوێکی سەربەخۆ نیە. رژێمی عێراقی پشت ئەستور بەم بارودۆخ و هەلوێست و بێدەنگیە ناوچەیی و نێودەولەتیە کەوتە دارشتنی نەخشەی کیمیابارانی کوردستان و ئۆپەراسیۆنی ئەنفال و وێران کردنی گوندەکانی کوردستان و راگواستنی دانیشتوانەکەی و تێکدانی ژینگە. بەواتا ئەنجامدانی سیاسەتی بە جینۆساید کردن و کۆمەل کوژیی. هەربۆیە بەتەنیا رژێمی بەعس بەرپرسیار نیە لەو کۆمەل کوژیانە

بەلکو هەموو ئەو دەزگا نێودەولەتیانەش بەپرسن کە ئاماژەم پێداوون. بەلام هەمان دەولەتی بەعس بوو کە داگیرکردنی کوێتی لێ قبول نەکرا چونکە زەمەنە سیاسیەکە هەمان ئەو زەمەنەی جینۆساید کردنی کورد نەبوو. هەروەها کوێت دەولەت بوو ، شوێنەکەی جیۆستراتیژی بوو ، خاوەن نەوتە ، بەلام ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هەمان ئەو دەزگا نێودەولەتیە بوو.

## مرۆڤ لە نێوان درندەیی و ئاشتیخوازیدا

ئایا چارەنوسی مرۆڤایەتی چی لێبەسەر دێت لە نێوان سروشتی درندەیی و ئاشتیخوازی خودی مرۆڤ خۆی؟ ئەوە هەر مرۆڤە لەمێژووی خۆیدا بە سەدان ملیۆن گیانی بە کوشتداوە لە پێناوی داگیرکردن و چاوچنۆکی و رق و کینەو روتاندنەوەدا ، هەر مرۆڤیشە بە سەدان ملیۆن گیانی کردۆتە قوربانی لە پێناوی پاراستنی ئاسایش و کەرامەت و نان و ئازادیدا. بە ملیارد جار مرۆڤ لە مێژووی ژیانی خۆیدا کەرامەتی هەر لە لایەن هاومرۆڤەکانیەوە پێشێلکراوە. دیارە مرۆڤ سروشتی خۆی باش دەناسێت هەربۆیە گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی دەبێت یاساو سزا بۆ خۆی دابنێت چونکە تەنیا بەشێکی سروشتەکەی ئاشتیخوازە. دەپرسم هۆکاری ئەوە لەچیدایە مرۆڤ بتوانێت ئەوەندە دڕندە بێت؟ جینۆسایدو کۆمەل کوژی و تاوانەکانی جەنگ و کۆیلایەتی و دژ بە مرۆڤایەتی ، بەندکردن و ئەشکەنجەو کاری درندانەو وێرانکەرانەو روتاندنەوەو بێبەزەیی بوون ئەنجام بدات؟ دوور نیە رۆژگارێك کورد نەبێتە هۆی جینۆساید کردنی ئەویتر چونکە ئەمیش مرۆڤە. چیبکەین بۆ ئەوەی مرۆڤ ئاشتیخواز بێت؟ چەندین تیۆری هەن سەبارەت بە هۆکارەکانی توندوتیژی لە مرۆڤدا لەوانەش بۆچوونی فەلسەفی و سیاسی ، کۆمەلایەتی ، سایکۆلۆجی و بایۆلۆژی. هەرچەندە پەروەردە ، ئەوەی کەسوکار ، سیستەمی پەروەردەی دەولەت و قوتابخانە دەتوانێت مندالێك وەك کەرەستەیەکی خاو لە مندالیەوە ئاشتیانە پەروەردە بکات و بە پرۆسەیەکی بە کەلتور بووندا بیبات. نەهێشتنی نەخوێندەواری و دواکەتویی و هەژاری ، هەروەها کۆمەلگایەکی دادپەروەر لە بنەما گرنگەکانن و پێویستیەکی ژیانیە بۆ بەرهەمهێنانی مرۆڤ و کۆمەلگای تەندروست. مرۆڤ هەرچیەك بێت سروشتێکی توندوتیژی هەلگرتوەو خاوەن سایکۆلۆجیەتێکی خۆیەتی ، تەندروست و ناتەندروستیش. پێویستە کار لەسەر کەمکردنەوەی لایەنە توندوتیژیەکەی مرۆڤ بکرێت. زۆربەی جار بە هۆی بەکارهێنانی توندوتیژی و ناعەدالەتیەوە بەرامبەری دەکرێ لایەنە توندوتیژەییەکەی مرۆڤ سەر هەلدەدات و دەکرێ دەرئەنجامی خراپی لێبکەوێتەوە. ئاخۆ مرۆڤ هێشتا بە پرۆسەی بە کامڵ بوون و ژیریدا دەڕوات؟ ئاخۆ لەگەل هەموو ئەو گۆڕانکاری و پێشکەوتنەی بەسەر جیهاندا دێت مرۆڤ هەر بەم شێوە مرۆڤیەی ئێستەی دەمێنێتەوە؟ یان مرۆڤ هێشتا پرۆسەی بە مرۆڤ بوونی خۆی تەواو نەکردووە؟ هەندێکجار شەرم لە مرۆڤ بوونی خۆم دەکەم.

## بەشی سێیەم

# تراژیدیای ئەنفال

- هەورێکی رەش و کوشندە ئاسمانی کوردستانی ئەنفالکراوی گرت
- ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو.
- وتەی مندالە باوك ئەنفال کراوەکەی ئۆردوگای شۆرش
- پورە حەنیفە
- علی حەسەن مەجید ددان بە نەمانی ئەنفال کراوەکاندا دەنێت
- ئاماری قوربانیانی ئەنفال
- تەحسین شاوەیس و کارەساتی ئەنفال
- قەلاکەی قۆرەتوو

## بەشی سێیەم

## ( تراژیدیای ئەنفال )

### هەورێکی رەش و کوشندە ئاسمانی کوردستانی ئەنفالکراوی گرت

لە کەژێکی بەهاردا، لە کاتێکدا سروشت لە کوردستان بزەو جولەی ژیان دەهاتەوە گیانی و خەلکیی خەریکی ژیانی ئاسایی رۆژانەیان بوون لە ولاتی دێرینی سەدان سالەی باووباپیریان، بەلام لەم رۆژانەدا هەورێکی رەش و کوشندەو سامناك بەری ئاسمانی هەندێ لەناوچەکانی کوردستانی گرت و رق و کینەی رژێمی بەعسی تێدا دەبینرا. لەو کاتەدا رژێمەکەی بەغدا دانیشتوانی ئەو ناوچانەی دایە بەر شالاوی ئەنفال و دەیان هەزار مرۆڤی بێگوناهی لە خوێن و فرمێسکدا نوقم کردو دێهاتەکانیانی لەسەر خاکی کوردستانی دایکدا تەفروتوناو تەخت کرد. ئەنفال مانای کۆتایی هێنان بە ژیانی دەیان هەزار مرۆڤ ، لە مندال و ئافرەت و پیرو گەنج بە درندەترین و ترسنۆکانەترین شێوەو بێسەروشوێن کردنیان، چونکە ئەم مرۆڤانە لە گۆرەپانی شەرو پێکداداندا بەدیل نەگیراون. ئەنفال تەنیا یەکێك بووە لە ئامرازەکان لەپال (تعریب و تهجیر و ترحیل) و کیمیاباران و وێران کردنی گوندو ژینگەی کوردستان بۆ لەناوبردنی بە کۆمەلی مرۆڤی کورد بە مەبەستی جینۆسایدکردن و گۆرینی سیمای نەتەوەیی گەلێك ، نەك بۆ تەمێکردنی عەشیرەتێك، یان گروپێکی کۆمەلایەتی، یان بنەمالەیەك بوبێت. بۆ دواجار دایك و مندال و باوك و ئافرەت و پیاویان لە یەکتر جودا کراونەتەوە. بۆ دواجار ئەم مرۆڤانە مال ئاواییان لە یەکتر کردوە. تەنانەت بەزەیی بە مندالی ساواش نەکراوە، و رزگاربوونی تاکە کەسیکیش لە ئەنفال بووە چیرۆك.

### ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو

ئەنفال کارەساتێکی سروشتی نەبوو. بوومەلەرزەو بورکان و نەخۆشی تاعون و لافاو و ئاگر نەبوو، بەلکو بەری سیاسەتی قرکردنی دەیان هەزار مرۆڤی کورد بوو لەسەر خاکی خۆی لە لایەن کۆمەلێك درندەی بەناو مرۆڤەوە بەئەنجام گەیەندرا .هەربۆیە ئەنفال خالێکی رەشە بە ناوچەوانی ئەو رژێمە کۆمەل کوژانەوەو تاقیکردنەوەی ویژدانی مرۆڤایەتیشە. لە کاتی وتووێژکردنم لەگەل کەس و کاری ئەنفالکراواندا زۆربەی کات چاویان دەبریە دەرگای دەرەوەی مالەوەو هەر لە چاوەروانی ئەوەدابوون بێسەروشوێن کراوەکانیان بگەرێنەوە. نەیاندەویست ددان بەو راستیەدا بنێن کە ئەوانە نەماون. مانای هەموو رۆژێکیان مردنێکە، هەموو رۆژێکیان ئەنفال کردنێکە. ئەنفال کردنیانە لەوەشدا ئەگەر پشت گوێ بخرێن. ئاخۆ دلی دایکێك چۆن بێت کە هەمیشە لە فکرو مێشکی دەرناچێت چۆن مندالەکەی کوژراوەو سەگە رەشەکان خواردویانەو نەیتوانیوە تەنانەت بە گۆرێکی دیاریکراوی بسپێرێت. یان ئەو دایك و باوکانەی بە بەرچاوی خۆیان جگەرگۆشەکانیان لەبەر هەتاوی گەرمدا بە عەمودی سوربۆوە

بەستونەتەوە بۆ ئەوەی نەك هەر بە تەنیا ئازاری منداڵەکانیان بدرێ ، بەلکو ئازاری رۆحی و گیانی دایك و باوکیشیان بدەن. ئایا جگە لە خۆیان کێ دەتوانێت لە ناخەوە لەم ئازارەیان تێبگات ، لەوەی کە بەشێك لە رۆح و لە جەستەت بە ئازارەوە لێبکەنەوە. هەموو ساتێکیان ئەنفال کردنێکە. دلنیام تەنیا لەمردنی کۆتاییاندا لەوانەیە بتوانن پشوی رۆح بدەن. ئێستە ئەوانەی کە زیندون، زیندویەکی مردون.




**دایکێکی کەسوکار ئەنفالکراو / ئەو دەموچاوەی هەموو تراژیدیاکانی تێدا دەبینرێن ( وێنە / نوسەر) ( ئۆردوگای رزگاری )**

ئەنفال بەتەنیا قوربانیانی کەسوکاری ئەنفال ناگرێتەوە، بەلکو تەحەدایە بۆ سەرجەم کۆمەلگا. مرۆڤ نابێت هەست بە ئازارێك بکات کە تەنیا خۆی بگرێتەوە. دەکرا هەموو یەکێك لە ئێمە لە شوێنیان بونیایە، چونکە کوردین. ئەنفال وشەیەکە سالانێکی زۆربوو بەکارم دەهێنا ، هەروەك هەلەبجەو کیمیاباران، بەلام هەتا بە قولیی نەچومە ناویان هەستم بە ئازاریان نەکرد. لەگەل ئەوەشدا ئازاری من رێژەییەو تەنیا خۆیان دەتوانن هەستی تەواو بە هی خۆیان بکەن. ئاخۆ فاشیستەکان چەند منداڵ و ئافرەتی براو بۆ ئەنفال کردن لە عەرەبستان و لە ناوچەکانی کەنداو فرۆشتبن بۆ کارپێکردن و شوانی و کۆیلایەتی، یان فرۆشتنی بەو خیزانانەی منداڵیان نیە. جینۆساید کردن دەبێت یەکێك بێت لەو فاکتەرە گرنگانەی بە توندی پێکەوەمان ببەستێت.

## وتەی منداله باوك ئەنفال کراوەکەی ئۆردوگای شۆرش

" ئەنفال ئەوەیە کە باوکت سەرنگوم دەکەن و نایبینیتەوەو بێ باوك دەبیت و زۆر خەفەتی پێدەخۆم". ئەوە وتەی منداڵێکی باوك ئەنفالکراو بوو لە ئۆردوگای شۆرش لە چەمچەمال لە دیدارێکدا. دایکی ئەم دوو منداله لەبەر نەکردنی وەفاتنامە بۆ مێردە ئەنفالکراوەکەی و بەم هۆیەوە مارە نەکردنی لەلایەن مەلاو دادگاوە، دوای چاوەڕوانیەکی زۆر شوی کردوە بە پیاوێك لە (...) و خۆی وون کردو منداڵەکانی دەڵێن نزیکەی پێنج ساڵە دایکی خۆمان نەدیوەتەوە (کات/ 1994). کێ بەرپرسیاریەتی ئەم دیاردەیەی دەبوایە هەبگرتایە؟ هەروەك شادیەی کچە کوردی خەلکی گوندی سماقەی نزیك تەق تەق پێی ووتم: "دایکم پێم دەڵێ تەمەنم هەشت مانگان بوە باوکم ئەنفال کراوە". بە دەموچاوێکی زۆر غەمبارو غەمگینەوەو بە هەستێکی نوقسانەوە لەبەردەم کامێراکەدا دەڵێت:" من باوکی خۆم نەدیوەو لەیاد نیە". بینیم بەجێماوانی ئەنفالکراوان لە بارودۆخێکی رۆحی و مادی خراپدا دەژین.



**بینیم قوربانیانی ئەنفال ئەوەی لەدوای ئەنفالەوە هەیانە کەمە بۆ ژیان**

**بەلام زۆرە بۆ مردن**

( گوندی پردخەبەر ، وێنە / نوسەر )

له وتووێژێكی ڤیدیۆیمدا لەگەل بەرێوەبەری سەنتەری نەوا خاتوو دلخواز كەریم لە سلێمانی بۆ دالدەدانی ئەو ژن و ئافرەتانەی كێشەی دەرونی و كۆمەلایەتیان هەیە دەلێت: "پێویستە ئەم جۆرە سەنتەرانە لە شوێنەكانی تریش بكرێنەوە بۆ نمونە لە مجمعی صمود (ئۆردوگای رزگاری). دەلێت: "رۆژێكیان سەردانی ژنێكی كوردم كرد لەم ئۆردوگایە كەخۆی و مێردەكەی بەر شالاوی ئەنفال كەوتبوون. مێردەكەیان ئەنفال كردو كوشت و نەگەرایەوە. دەستدرێژی ناموسیشان كردبووە سەر ئەم ژنە". لەو كاتەوە كێشەی دەرونی زۆری تووش بوەو حالی باش نیە.

## پوره حەنیفە

پورە حەنیفە بە رەگەز عەرەبەو لە عەشیرەتی بەیاتیەو خەلكی گوندی سلێمان بەگە. لە دێی هۆمەر فەتاح لە نزیك كەلار دەژی و هەر لەم دێیە لە ناو كورداندا فێری زمانی كوردی بوەو مندالەكانی زمانی دایكیان كە عەرەبیە نازانن. پورە حەنیفە یەكێك بوو لەوانەی كە بەر شالاوی ئەنفال كەوت هەر لەبەر ئەوەی لەگەل كوردێكدا هاوسەری كردوە. پورە حەنیفە دوگیان دەبێت كە بەر شالاوی ئەنفال دەكەوێت. لە نوگرە سەلمان لە ناو ئەدەبخانەدا مندالەكەی دەبێت. كاربەدەستانی رژێم پێی دەلێن ناوی مندالەكەت بنێ صبرە، چونكە ئێوە سەبرتان كردوە، بەلام پورە حەنیفە مندالەكەی ناو دەنێت دیلان و پێیان دەلێت لەبەر ئەوەی ئێمە دیلی ئێوەین. پورە حەنیفە ئەم ووتوێژو بەسەرهاتەی بە زمانی عەرەبیش بۆ گێرامەوە.



**پورە حەنیفەو دیلانی كچی**

**( گوندی هۆمەر فەتاح )**

ئەم دایکە کچی کورەکەی لەژێر ئەو بارودۆخە دژوارە لە ژوری بەندیخانەی نوگرەسەلمان دەمرێ دەچێت بە خاکی بسپێرێت. کاربەدەستەکانی رژێم لەوێ لێی دەپرسن لە کوێ بویت؟ پورە حەنیفە لە وەلامدا دەلێت "چوم کچەکەم نایە دەم سەگ و هاتم". بۆی باس کردم کە دوایی سەگ لاشەکەی دەخوارد. مێردو کوڕو کچی کوڕەکەی لە نوگرە سەلمان بێسەروشوین کران ، بەواتا کوژران و ئەنفال کران. لەبەر ئەوەی کە هیچ کەس لە گوندەکەی، گوندی سلێمان بەگ لە عەرەبستان، پرسیاری لە حالی نەکردوە کە رژێمی بەعس بەم جۆرە رەفتاری لەگەل کردوە ئیتر جارێکی تر نەرۆیشتۆتەوە بۆ گوندەکەی خۆی و دەلێت: "دلم لێیان هەلکەندراوە. هەرچەندە گوندەکەش بێدەسەلاتن و هەمویان بە داخن بۆم ، بەلام ئەوانیش لە عەسکەر دەترسن و وەزعیان باش نیە. لێرە لەم دێیەی کوردستان زۆر باش رەفتارم لەگەل دەکرێ". بەلام وەك خۆی وتەنی بە سوال و سایەقە دەژیم.

## علی حەسەن مەجید ددان بە نەمانی ئەنفال کراوەکاندا دەنێت

لە وتووێژێکی ڤیدیۆدا لەگەل کاك نەشیروان مستەفا لە سەرەتای مانگی 1999/12 لە سلێمانی پرسیاری ژمارەی قوربانیانی ئەنفال و مەسەلەی چارەنوسیان و کێشەی سەرژمێرو قانونی ئەحوالی مەدەنیم لێکرد. هەروەها کێشەی ژنانی ئەنفال لە مەسەلەی قانونیدا بۆ شوکردنەوەو تەلاقدان. لێرەدا بەشێکی گەورەی پرسیارو وەلامەکان دەنوسمەوە بۆ تێگەیشتن لەبارودۆخەکە لەدیدو زانیاری شایەتحالێکی نزیك:

**نەوشیروان مستەفا**: من خۆم شەخسی هیچ بڕواناکەم بۆ گەرانەوەی هیچ یەکێك لە ئەنفالکراوەکان بە زیندویی. لە سالی 1991 دوای راپەرین کە گفتوگۆ لە نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراق دەستی پێکرد لە خولی دوەمدا کە نوێنەرەکانی بەرەی کوردستانی چونە بەغدا بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، من جێگری سەرۆکی وەفدەکە بووم. لیژنەکە کرابوو بە دوو بەشەوە. بەشێکی ناوی نرابوو لیژنەی ئاسایی کردنەوە، ئەوەی تریان لیژنەی ئۆتۆنۆمی و دیموکراسی. من لە لیژنەی ئاسایی کردنەوە بووم. ئەوانەی کە لە لیژنەکەی من بوون جەوهەر نامیق بوو کە ئێستە سەرۆکی پەرلەمانەکەی پارتی یە، وە خوالێخۆشبوو کاك رەسول مامەند. وەفدی عێراقیش بریتی بوو لە علی حسن مجید و سالح مهدی سالح کە مردوە لەگەل سابیر نوری کە ئەو کاتە سەرۆکی جیهازی

موخابەرات بوو. رۆژانە کۆدەبوینەوە لەسەر وەرەقەیەك کە جەبهەی کوردستانی ئامادەی کردبوو بە ناوی ئاسایی کردنەوەی هەلومەرجی کوردستان. یەکێك لە مادەکانی ئەو وەرەقەیە کە ئامادەکرابو بریتی بوو لە ئاشکرا کردنی چارەنوسی قوربانیەکانی ئەنفال .ئێمە چەند جارێك ئەم مەسەلەیەمان لەگەل وەفدی عێراقیدا وروژاندو باسکرد. علی حسن مجید بەم مەسەلەیە زۆر گرژ دەبوو. هەتا جارێکیان کردی بە هەراو وتی بۆچی ئێوە لە 1961 وە حکومەتی عێراقی خەلکتان لێئەکوژێ و باسی کوژراوەکانی ئەو زەمانە ناکەن، تەنیا باسی ئەو خەلکانە ئەکەن کە لەو زەمانەی ئێمەدا کوژراوە لیتان کە من لێپرسراو بووم لە کوردستاندا. پێمان ووت چونکە ژمارەی ئەو کوژراوانەی کە لە زەمانی تۆدا کوژراون بە قەد ژمارەی هەموو ئەو کوژراوانە دەبێت کە لە 61 وە لێمان کوژراوە. دوای گفتوگۆیەکی زۆر علی حسن مجید ئینکاری لەوە دەکرد کە هیچ زیندانیەکی لەم جۆرانە لە حەپسخانەکانی ئەواندا هەبێت. دوا شت ددانی بەوەدا ناو وتی هەموو ئەوانەی کە بەم جۆرە وون بوون ئێمە دەتوانین بە مفقود حسابیان بۆ بکەین و دەتوانین تعلیمات بدەین بەو شوێنی روداوانە کە شەهادەی وەفات بۆ پیاوەکانیان بکەین و ئەو ژنانەی کە مێردەکانیان وونبوە بۆ خۆی ئازاد بێت کە بتوانێت شوو بکاتەوە. یاخود ئەگەر میراتێك لە نێواندا هەبێت بتوانن معامەلەی قانونی بکەن. یەعنی ئەو معامەلە قانونیانەی کە پەکی کەوتوە لەسەر ئەو پیاوە ونبوانە. ئەو زەمانە بە ئێمەی ووت کە رێککەوتین ئێمە تعلیماتێك ئەدەین بەو وحدە ئیداریانەی ئەو ناوچانە کە ئەگەر هەر یەکێك مراجەعەتی کرد بۆ یەکێك لەو مەفقودانەو ئەوانیش شەهادەی وەفاتی بۆ بکەن. ئەوەش دەلیلی ئەوە بوو کەهیچ کەسێکیان بە زیندوێتی نەماوە. وەختی خۆی کە ئیدارە هاوبەشبوو لە نێوان یەکێتی و پارتی و پەرلەمان دروستبوو بریاربوو لەو بارەیەوە شتێك دەربکەن و ڕای بگەیەنن کە ئەوانە نەماون بۆ ئەوەی چارەنوسیان مەعلوم بێت، بەلام دوایی دواکەوت. بۆچی دواکەوت نازانم؟ بە راستی دەبوایە زۆر زوو بکرایە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکی قانونی و مەسەلەیەکی شەرعی زۆر ناسکە، بەلام من خۆم وەك شایەتێك کە گوێم لێبووە کە ئەوانەی لە ئەنفالدا گیراون و بێسەروشوین بوون نەماون. لەبەر ئەوە دەبوایە ئەم مەسەلەیە هەر لە زویەکەوە هەم لە رووی قانونیەوە، و هەم لە رووی شەرعیەوە چارەسەر بکرابایە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە پیاوەکانیان فەوتاوە بیانتوانیایە بە ئازادی هەلسوکەوت بکەن بە تایبەتی لە مەسەلەی میرات و شوکردنەوەو ئەو جۆرە شتانە.

**پرسیار:** ئایا لە دوای راپەرینی 1991 وە دروستبونی حکومەتی هەرێم هیچ سەرژمێریەك کراوە هەتا ئێستە سەبارەت بە ئەنفال؟

**وەلام:** من ئاگادار نیم ، ئەتوانیت لە حکومەتی هەرێم بپرسیت.

**پرسیار:** باس لە 182 هەزار مرۆڤی ئەنفال دەکرێ. ئایا ئەم ژمارەیە چەند دەکرێ بە شتێکی ریالیست لە قەلەم بدری؟

**وەلام:** لەراستیدا من ناتوانم هیچ تەعنێك لەو ژمارەیە بدەم هەتا سەرژمێرێکی راستەقینە نەکرێ. یەعنی کەی سەرژمێرێکی راستەقینە کرا بە رێکوپێکی ئەوکاتە مرۆڤ ئەتوانێ بلێ ئەم 182 هەزارە کەمی هەیە یان زیادی هەیە.



**گواستنەوەی خەلکی سڤیلی کورد بۆ ئەنفال کردن**

وتەکانی عەلی حسن مجید ددان پێدانانێکە لەو ڕاستیەی کە "ئەنفال کاردانەوە نەبوو. پێش دەسپێکی ئەو پرۆسەیە دەولەتی عێراق پێشتر پلانی کارەکەی دارشتبوو. ناوچەکانی قرکردنی دیاری کردبوو. بەپێی بریارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لە 1987/6/30 عێراق هەموو بەرێوەبەرایەتیەکانی کشتوکالیی شارو دێهاتەکانی کوردستانی هەلوەشاندەوەو هەموو کەرەستە کشتوکالییەکانیشی قەدەغەکرد. سەرجەم قوتابخانەو نەخۆشخانەو کارە خزمەتگوزاریەکانی کێشایەوەو زۆنێکی ئاسایشی

دروستکرد. بەپێی چەند بریارێکی نهێنی تر ، کە (مەکتەبی تەنزیمی شیمال) دەریکرد ، داواکرا وەکو ناوچەیەکی عەسکەریی مامەلە لەگەل ناوچەکانی ناو زۆنە قەدەغەکراوەکەدا بکرێت. کە هێرشەکانی ئەنفال دەستیان پێکرد ، ئیتر زۆنە قەدەغەکراوەکە کە روبەرەکەی دەیان هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەی خاك بوو ، هەزاران گوند و ئاوایی و سەدان هەزار کەسی سیڤیلی تێدا دەژیا. سەرلەبەر بووە یەك نیشانی عەسکەریی سوپای عێراق"[4]. زۆرترین بەشی ئەنفالکراوان کەوتۆتە ناوچەی گەرمیانەوە و زۆرتر بەر شالاوی ئەنفال کەوتن. ناوچەیەك نزیکە لەکانە نەوتەکانی ژێر دەسەلاتی رژێمی بەغدا، هەروەها جوگرافیاکەی سنوری بەناوچەی عەرەبستانەوە هەیەو ناوچەیەکی جوگرافی و سیاسی گرنگەو رژێمی بەعس دەیویست چۆلی بکات لە دانیشتوانە کوردەکەی. ئەمە جگە لە هەلوێستی رەگەزپەرستانەو دوژمنکارانەی رژێمی بەعس بەرامبەر بە کورد وەك گەلێك.

## ئاماری قوربانیانی ئەنفال

لەکاتی حکومەتەکەی سلێمانی لەلایەن وەزارەتی ماڤ مرۆڤ و ئەنفال و ئاوارەو کوردە فەیلیەکان... بۆ ئەنجامدانی ئامارێك لەسەر ژمارەی قوربانیانی ئەنفال پارە خەرجکرا. بەلام ئەنجامی ئامارەکە نەخرایە روو بۆئەوەی بتوانرێت کاری پێبکرێت. دەبوایە وەزارەتەکەی ئێستەی شەهیدان و ئەنفال بەدواداچوونی بۆ ئەو ئامارە بکردایەو خۆی دواتر بەم ئەرکە هەستایە. چیتر چۆن بتوانرێ جینۆساید وەك چەکێکی سیاسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەکار بهێنێت کە خۆی تەنانەت لەسەر ئاستی نیشتیمانی سەرکەوتنی پێویست بەدەستنەهێنێت بۆ بەدامودەزگاکردنی تراژیدیای ئەنفال و کیمیاباران، بەواتا جینۆساید.

## تەحسین شاوەیس و ئەنفال

لە گەشتێکی ڤیدیۆیدا لە 1993/10 لەلایەن وێنەگری فەرەنسی لیۆنیل دوژاردان و عەدنان کەرکوکی تۆمار کراوە ، چاوپێکەوتنی لەگەل چەند ئاوارەیەکی شاری کەرکوك و دەوروبەری ئەنجامداوە لە ئوردوگای بنەسلاوە لای هەولێر. ئەم ئاوارانە لە سالی 1988 لە دەست رژێمی بەعس و درندایەتی علی حسن مجید هەلاتبون بۆ ئەوەی ئەنفال نەکرێن و بە ناچاری پەنایان بردبوە بەر تەحسین شاوەیس کە بەلکو ئەم موستەشارە کوردە لە ئەنفال کردن رزگاریان بکات. تەحسین شاوەیس قەناعەتی بە کوردەکانی ئەو ناوچەیە کردبوو کە ڕانەکەن و بەلێنی دابونێ کە رزگاریان دەکات و یارمەتیان ئەدات

[4]) خەبات عبدالله ، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور ، 2000 ، بەشێکی تایبەت بە جینۆساید ، ل. 272 - 277 ، سلێمانی.

بەر ئەنفال کردن ناکەون. لەسەر ئەم بەڵێنە دوایی خۆیان تەسلیم بە تەحسین شاوەیس کردبوو. ئەمەش کورتەی وشەو هەست و بەسەرهاتی یەکێك لەو دایکە ئاوارانەی لە شالاوی ئەنفال رزگاری بوو:



**تەحسین شاوەیس**

"... ئێمە لەوێ ( لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی رژێمی بەغدا / نوسەر ) مالمان تالانکرا، مەرو ولاخمان براو هیچمان نەما. ئاوا سەلتەخت رامانکرد و کەوتینە رێ و چوین خۆمان تەسلیمی تەحسین شاوە کرد. کورەکانیشمان برد لەگەل خۆمان. لەوێ تەحسین شاوە کەوتە بەخێربێن، بەخێربێن و گشتمان کوردین و گشتمان وەك یەکین و ئەم قسانە. ئێمەی مال و مندال نایە ناو زیلێك و توندتوند لەهەر چوار لاوە بەستی کە کونێکشی تیانەبوو. ووتی هەر لێرە هەتا دەچنە ناو چەمچەمال ئێوە وەناو جەیشا ئەرۆن و سەیر مەکەن. ئێمەی نایە ناو زیل و ناردینی بەرەو ئەو دێهاتانە و کورەکانی ئێمەشی لەوێ گلدابوەوە کە (40 – 50 )دەبوون. نەك هەر هی من، هی ئەو ئەترافانە گشتی. ئێمەشی لە چەمچەمال لەو ناوە بەردا بێ نان و بێ ئاو و بێ جل و بەرگ. کردمانیانە ناو کونە مەغارەیەك (ئەشکەوتێك — نوسەر) وتیان قسە مەکەن... ئەگیرێن. خەلکیی جلی لە مندالی خۆی گل ئەدایەوەو کەلوپەلی ئەداینێ و نان و ماستیان بۆ ئەهێنایین. لەدوای هەشت یان نۆ رۆژ چومە لای هاوسێ مالەکەو وتم ئەی کوا کورەکانمان. وتی ئەی قور وەبان سەرتان کورەکانتان نەمان، فرۆشران و حکومەت بردنی. بەم جۆرە کورەکانمان رۆی و چاومان پێیان نەکەوتەوە".

بەم شێوەیە تەحسین شاوەیس فێلی لە کۆمەلێك ئاوارەی کورد کرد. تەنانەت لە ژن و مندال و پیری نەشارەزاو بێئاگا کە پەنایان هێنابوە بەر ئەم موستەشارە کوردە کە کورەکانیشی فرۆشتن بە

فاشیستەکان. تاوانی ئاوا گەورە بەرامبەر کێ ، وە بۆچی؟ پارتی دیموکراتی کوردستان چۆن ویژدانی قبولیکرد لەم جۆرە عونسورانە بهێنێتە ریزەکانی خۆی؟ تەحسین شاوەیس ئێستە بە پلەی لیوا خانەنشین کراوە. سەردانی گوندەکانی ئەم قوربانیانەم کرد. لە دورەوە کش و مات دیارن ، جوان و سەرنجراکێش و بێکیشە دێنە بەرچاو ، بەلام کە دەچیتە ناویان جیهانێکی تال و پرکوێرەوەری و مەرگەسات دەبینیت ، جیهانێك لە غەم و پەژارە.



**نوسەر لەگەل ژنێکی مێرد ئەنفالکراو**

( گوندی پردخەبەر )

## قەلاکەی قۆرەتوو

لە گەشتێکی ترمدا لە مانگی 2001/10 لە گەرمیان بووم. ئاگادارکرام شوێنێك لەقۆرەتوو لەتەنیشت سەربازگەیەك دۆزراوەتەوە سەر بە پارێزگای خانەقین و گرنگە سەردانیی بکەم. بەجێبێك بەرەو ناوچەکە کەوتینە رێگا. لەوێ بینیمان شۆفلێك زەوی هەلکەندوەو بەو هۆیەوە جلوبەرگێکی زۆری مندال و ئافرەت و گەورەو بچووك و ئێسکی مرۆڤ لەژێر خۆلی زەویەکەوە بەدەرکەوتوون. دوای کۆکردنەوەی چەند فەردەیەك لەم جلوبەرگانەو هەندێ لە ئێسکی مرۆڤەکان ، بە ئامێری ڤیدیۆ تۆمارو بەدۆکیومێنتم کردن. دواتر هاتینە گوندێکی نزیکی ئەوێ و زانیمان کێ بەکێلانی ئەم زەویە هەستاوە. ئەو کەسانە بۆ کەلار بانگ کران. پێشتر ئاگاداریی ئەوە نەبوون چی لەژێر ئەم زەویەدایە هەرچەندە دەبوایە دەسەلاتیان لێئاگادار بکردایە ، بەلام بەم هۆیەوە روخسارێکی تری راستەقینەی تراژیدیای

ئەنفال دەرکەوت. کەچی وەزیری ئەنفال ومافی مرۆڤ و ئاوارەو کوردە فەیلیەکان و...تاد. ئەو کاتەی حکومەتەکەی سلێمانی سەردانی شوێنەکەی نەکردو لەسەر ئاستی فەرمیی بەدۆکیومێنت نەکراو وێنەکان بۆ رای گشتی نەگوازرانەوە.




**ئەو وێنەیەی خۆی بۆ خۆی دەدوێ**

"یەکێك لە ڕزگاربوانی ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال کە خەلکی گوندی (رەبات)ی سەر بە ناوچەی گەرمیانە، لە 4.4.1988 لە لایەن هێزەکانی سوپای عێراقەوە دەگیرێت. روداوەکان دەگێرێتەوەو دەلێت: "دوژمن زۆر بێبەزەییانەو بێگوێدانە گریان و هاواری ژن و مندال ، هەمومانی ڕەوانەی (قۆرەتو)ی نزیك خانەقین کرد. شەپۆلێکی زۆری تریشیان لەو دەورووبەرە هێنابووە ئەوێ. ئەو شەپۆلەی ئێمەی تێدابووین دەگەیشتە پەنجا هەزار کەس. دوو شەو بێ نان و ئاوماینەوە. دوایی لە 6.4.1988 دا ئێمەیان گواستەوە بۆ (تۆپزاوا) ی کەرکوك. لەوێ بەم جۆرە لە یەکتری جیاکراینەوە: **یەکەم** : تەمەنی دوازدە سال تا چل و پێنج سال. **دوەم**: تەمەنی پەنجا سال و سەروتر. **سێیەم**: کچ. **چوارەم**: ژن و مندال. (.....) . یەکەم هەنگاو بێسەروشوێن کردنی مێردمندال و گەنجەکان بوو. واتا ئەو بەشەی لە دوازدە تا چل و پێنج سال دەبوو. بەچاوی خۆم بینیم دوو دوو بە دەست و چاو بەستراوی سواری پاس و ئوتومبێلی سەرگیراوکران. پاسەکان پەنجەرەکانیان بۆیە کرابوون و ناوەوەیان دیارنەبوون. لەدوای ئەوان نۆرەی ئێمە هات (....). ئەم پرۆسەیە کە لەمانگی شوبات تا سەرەتاکانی ئەیلولی 1988 درێژەی هەبوو ، دەکرێت بە تاوانێکی گەورەی جینۆساید دابنرێت کە تێیدا زیاتر لە سەد هەزار مرۆڤ لەناوبران[5]".

[5]) خەبات عبدالله ، هەمان سەرچاوە.

# بەشی چوارەم

## کۆمەل کوژیەکەی هەلەبجە

- ململانێی نێوان حکومەتی ئەمریکی و ئەلمانیا سەبارەت بە چەکی کیمیاوی عێراق
- هەلوێستی کاربەدەستانی ئەلمانیا
- کارگەکانی چەکی کیمیاوییان بۆ عێراق دروستکرد
- ئەلمانیاو ئاوشڤیتس
- سی و پێنج سال دوای ئاوشڤیتس
- ئەلمانیا و ئیسرائیل
- هەلوێستی ئەلمانیای رۆژهەلات و حکومەتی مۆسکۆ
- بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە ڤێتنام
- کۆنگرەکەی پاریس
- گەشتی پرۆفیسۆر هێندریکس سەرۆکی یەکەم وەفدەکەی UN بۆ هەلەبجە
- ئەنجامی لێکۆلینەوەی وەفدەکەی UN بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەهەلەبجە
- ئەنجامی وەفدەکەو رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان
- نەبرینداری و نەخوێن لەسەر جەستەی کوژراوەکان دەبینران
- رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ، پێکهاتەیەکی ناسەرکەوتوو

# بەشی چوارەم

# ( كۆمەل كوژیەكەی هەلەبجە )

## ململانێی نێوان حكومەتی ئەمریكی و ئەلمانیا سەبارەت بە چەكی كیمیاوی عێراق

حكومەتی ئەلمانیا بە لایەنی كەمەوە لە سالی 1983 وە زانیاری لە لایەن حكومەتی ئەمریكیەوە هەبوە كە حكومەتی عێراق بە یارمەتی كارگەكانی ئەلمانیای رۆژئاوا گازی ژەهراوی (چەكی كیمیاوی — ژەهری تابون) دروستدەكات. سی ئای ئەی (CIA) كاتی خۆی ، لە سەردانێكی وەزیری ئابوری ئەو سەردەمەی ئەلمانیا لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا (Bengeman) لێئاگادار كردبۆوە هەوالەكە بگەیەنێت بە حكومەتەكەی خۆی. دوای ئەوەی حكومەتی ئەلمانیا هەلوێستی نیشان نەدا ، دواتر موخابەراتی ئەمریكی ئەم زانیاریانەی گەیاندە دامودەزگاكانی راگەیاندن. لە بەهاری سالی 1984 رۆژنامەی (نیۆرك تایمز) ئەم هەوالەی بلاوكردەوە كە بە تایبەت دوو كارگەی ئەلمانی (كارل كۆلب/ پیلۆت پلانت) لە ناوچەی درای ئایش لە هەرێمی (هێسن) لە نزیك شاری فرانكفورتی ئەلمانیای رۆژئاوا بەچاو داخستنی حكومەتی ئەلمانیا لێی، لەماوەیەكی دوو سالیدا دامودەزگای موختەبەرو زانیاری و كەرەسەی پێویست بە حكومەتی عێراقی فرۆشتوەو بۆیان گواستۆتەوە بۆ عێراق و لەوێ بۆیان دامەزراندون، گوایە بۆ دروستكردنی مەوادی لەناوبردنی حەشەراتی دژ بە كشتوكال. بۆ ئەم مەبەستەش كۆمەلێك لە شارەزایانی ئەلمانی لە عێراق كاریان كردوە، و بەم هۆیەوە حكومەتی عێراقی توانیویەتی چەند گازێكی ژەهراوی دروستبكات و بیكاتە چەكێكی كوشندەی بە كۆمەل كوژی نێودەولەتیی قەدەغەكراو. لەناو ئەم گازانەدا (تابون) كە ئەلمانەكان لە سالی 1936 دۆزیانەوەو دروستیانكردو لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا بەكاریانهێنا كە ئەنجامی كوشندەی بەكۆمەلی بەدوای خۆیدا هێنا. رۆژنامەی نیۆرك تایمز لە 30+1984/3/31 دوبارە دەربارەی باسەكە كۆلیوەتەوە. سەرچاوەی زانیاریەكانی نیۆرك تایمز دەگەرێتەوە بۆ وەزارەتی بەرگری ئەمریكا ، وەزارەتی دەرەوەو دەزگای موخابەراتیی ئەمریكی. لە رۆژی دوایدا هەوالی دروستكردنی ئەم چەكە مەترسیدارە لە رۆژنامەی (فرانكفورتەر ئەلگەماینە تسایتونگ)ی ئەلمانی بلاوكرایەوەو تێیدا باس لەوە كراوە كە لایەنی ئەمریكی پێشتر چەند جارێك بە گرنگیەوە بە رێگای سلكی دبلۆماسی ئەم زانیاریانەیان گەیاندوە بە حكومەتی ئەلمانیای فیدرال، بەلام جدیەتی مەسەلەكە لەم لایەنەوە پشتگوێ خراوە. رۆژنامەی ناسراوی ئەلمانی (تاتس ، TAZ) كە لە بەرلین دەردەچێت لە هەمان رۆژدا باسەكەی درێژە پێداوە: "پەیوەندی دەزگای موخابەراتی ئەمریكی بە ئەلمانیاوە سەبارەت بەم كێشەیە دیارە پەیوەندی بەوەوە هەیە كە بەپێی راپۆرتێكی رۆژنامەی (لۆس ئەنجلس تایمس) حكومەتی ئەمریكی بیەوێ فرۆشتن و ناردنی كەرەسەی كیمیاوی بۆ عێراق و ئێران قەدەغە بكات كە بۆ دروستكردنی گازی

(زێنف) و چەکی تری کیمیاوی دەتوانرێ بەکار بهێنرێ. ئەو کارگانە بۆ ئەو مەوادە کیمیاویانەی کە ئێستە بێکێشەو گیروگرفت دەتوانرێت بنێردرێنە دەرەوە داوای مۆلەت بکرێ و رێگا بە ناردنە دەرەوەیان نەدرێ". بەلام ناوی جۆری مەوادەکان نەهێنرابوون. بە پێی شارەزایان پێنج ، یان شەش ماددەن کە ئاسایی مەترسیدار نین ، بەلام لە پەیوەندی و تێکەلاو کردنیان و بەکار هێنانی هاوکێشەی خۆی دەبنە چەکێکی مەترسیداری کیمیاوی کوژەر.



هەلەبجە / گۆڕی قوربانیانی کیمیاباران

گۆڤاری شپیگلی ئەلمانی (SPIEGEL) لە 1984/8/6 دەنوسێت: "یەکەمجار موخابەراتی ئەمریکی ئەم زانیاریانەی لە مانگی سێ دا گەیاندە ڕای گشتی. ئیتر لەم کاتەوە ئەمریکیەکان و ئیسرائیلیەکان پالەپەستۆی خۆیان لەسەر حکومەتی ئەلمانی زیادکرد رێگا بە فرۆشتن و ناردنی ئەو مەوادو دەزگایانە نەدات بۆ عێراق کە بەفەرمی گوایە بۆ دروستکردنی مەوادی پارێزگاری کردن لە روەك دروستدەکرێ. موخابەراتی ئیسرائیلی (موساد) بە پالپشتی وێنەی سەتەلایت و هەروەها زانیاریەکانی حکومەتی ئیسرائیل خۆی بە تەواوی تەئکیدیان لەسەر ئەوە کرد کە عێراق بە یارمەتی ئەم مەوادانە چەکی کیمیاوی دروستدەکات. لە مانگی 5 /84 موخابەراتی (CIA) هاتنە وەزارەتی ئابوری ئەلمانیا لە شاری (بۆن / دویسدۆرف) بۆ ئەوەی گومانەکەیان لەسەر رۆشنایی عەرزێکی (وێنەودەنگ) بە پراکتیك بخەنە بەردەم. ئەمریکیەکان ئەو زانیاریەیان خستەڕوو کە کارگەی گازی ژەهراوی دروستدەکرێت لە عێراق لە سامەرا شەش قات قول بۆ ژێر زەوی. کەچی ئەم بەلگەو زانیاریانەش لە زۆر لە خالەکاندا بۆ

ئەلمانەکان بەهەند وەرنەگیراو ئەم گوناهبـار کردنانـەیان رەتکـردەوە. دوای هـەول و رونکردنەوەیـەکی تری زۆری زانستانە وەزیری ئابوری ئەلمانیا سکرتێرێکی دەولەتی راسپارد ئاگادریی ئەو کارگانە بکـات بەلکو بە ئارەزومەندانەی خۆیـان دەسـت لـەم فرۆشـتن و نـاردنی بازرگانیـە هـەلبگرن بـۆ عێـراق بـەلام سەرکەوتو نەبوون لە داواکاریەکەیاندا".

وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوەو موخابەراتی ئەمریکی لەم بـەروارەدا قەناعـەتیان وابـوو عێـراق لە چەند هەفتەیەکدا دەچێتە بارودۆخێکی ئاوها کە بتوانێت بە گازی ژەهـراوی ، یـان باشـتر بلـێین بـە چەکی کیمیاوی هێرش بکاتە سەر سوپای ئێرانـی. ئێرانیـەکان لـەو دواییـەدا ماسـکی دژ بـە هەلمـژینی گازی ژەهراویان لە شەرەکەدا بەکار دەهێنا ، بەلام هێزی پێشمەرگەی کوردسـتان و خـەلکی مـەدەنیی کورد بە هۆی بێتوانایی و بێدەرامەتی و بێکیانیی تەسلیم بە واقعی کوشتن و خنکاندن ببۆوە بەرامبـەر بە چەکی کیمیاوی حکومەتی عێراق. لە 1984 – 1986 حکومـەتی عێـراق لـە جـەنگی دژ بـە ئێـران 133 جار چەکی کیمیاوی دژ بە ئێرانیەکان بەکارهێناوە کە بوە هۆی بەلایەنی کەمەوە کوشتنی (50) هـەزار سەرباز. لە پرسیارو وەلامدا حکومەتی عێراقی وتبوی کە ئەمان ئەم مەوادی کیمیاویانەیان بۆ قرکردنی مێش و مەگەز کریوە. لە سالی 82/1981 بـە پێـی زانیـاری موخابـەراتی ئـەمریکی، عێـراق (10 ملیـۆن) مارکی ئەلمانی لە کارگەو دامودەزگادا خەرجکردوە گوایە بۆ مەبەسـتی لـەناوبردنی مـێش و مەگـەز لـە کاتی بەرگرتن و بەرهەمی خورما. بالیۆزی ئەو کاتەی عێراق عبدالرزاق الهاشمی هـەمان قسـەی دوبـارە دەکردەوە. بروانەبوون بە قسەکانی حکومەتی عێراق لەوەشدابوو کە هەر حکومەتەکە خۆی بەپـەرۆش نـەبوە بـۆ مەسـەلەی کشـتوکال و دوارۆژی جوتیـاری عێراقـی، کـە خـۆی بـەهۆی جـەنگی ئێـران و ئۆپۆزیسیۆنی شـێعە بـە سـەدان هـەزار دارخورمـای لـە خـواروی عێـراق بریـەوە. هـەروەها بـە نەخشـە هۆرەکانی وشك کرد و ئابوری کوردستانی هەلتەکاندو بە هەزاران گوند، و ژینگەی کوردستان وێرانکـراو زەهـر دەکرانـە نـاو کانیاوەکانـەوەو سـەریان بـە چـیمەنتۆ دادەپۆشـران و دارودرەخـتی ولاتەکـە دەبڕدرایەوەو مەوادی کیمیاوییان پێدا دەکرا.



## هەلوێستی کاربەدەستانی ئەلمانیای رۆژئاوا

دوای هێنان و بردنێکی زۆر بابەتەکە لە 1984/4/12 خرایە بەردەم پەرلـەمانی ئـەلمانیا (بونـدس تاگـ). ئەندامی پەرلەمانی سەر بە پارتی سۆشیال دیموکرات (گێنسل) کە ئـەو کاتـە لەئۆپۆزیسـیۆندا بـوون و خـۆی شـارەزاو لێپرسـراوی ئـەم بوارەیـە. سـەبارەت بـە کێشـەکە کۆمەلـە پرسـیارێکی ئاراسـتەی (د.مێرتس) وەزیری دەولەی پارتی دەسەلاتداری ئەو کاتە کرد (پارتی یەکێتی مەسیحیە دیموکراتەکان (CDU) کە بە ناوی حکومەتەکەیەوە هەلوێستی دەربری. لەبەر دورودرێژیی وتووێژەکە تـەنیا بەشـێکی کورتیم تێدا هەلبژارد. لێرەدا: پرسیاری (گێنسل بـۆ د.مێـرتس) : "ئایـا بـە کاردانەوەیـەکی گونجـاوی نازانیـت کـە لەبـەر بەرژەوەنـدی و ئـابرۆی ئـەلمانیا لەبـەردەم ڕای گشـتیدا ، هـەروەها لـە پێنـاو قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ، کە لێرەدا حکومەتی ئـەلمانی مۆلـەتی مانـەوە لـە کارگـە بیانیەکانی دروستکەرانی فرۆکەی سەربازیی بۆ عێراق لە ئەلمانیاو فرۆکەچیە عێراقیەکان کە ماوەیەکـە بۆ فێربوونی پیشەکەیان لە کارگەیەکی گەورەی ئەلمانیان بسەنێتەوە هەتا کاتی دلنیابوون لەوەی کـە عێراق دوبارە پەنا نەباتە بەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی نێودەولەتی قەدەغەکراو".



**کۆمەل کوژیەکەی هەلەبجە لە لایەن ڕژێمی بەعس**

وەلامی د. مێرتس : "بەرێز گێنسل ئەمەی تۆ دەیلێیت واتای سزادان دەبەخشێت. من ئەم شتە بە باش و گونجاو نازانم". بە پێی قسەی وەزیری دەولەت ئەم کارگانە لە ناوەراستی هەفتاکانەوە لەم جۆرە کەرەسەو مەوادانە بە عێراق دەفرۆشن. کێشەکە دیارە دەبێت بەم جۆرە بوبێت: دوای ئەوەی حکومەتی ئەمریکی بە رێگای دبلۆماسی هیچیان چنگ نەکەوت بەرامبەر بە ئەلمانیاو کارگە کیمیاویەکانی عێراقیان ئەوەندە بە مەترسیدار لە قەلەمدا کە دواتر پەیوەندیان بە هاوپەیمانەکانیانەوە کرد بۆ دروستکردنی فشار بەهەمان ئاراستەی ئەمریکیدا. ئەلمانیا کتوپر کەوتە کردار نیشاندان هەرچەندە هەمیشەو دوبارە دەیووت ئەو مادانەی ئەم کارگانە دەینێرن بۆ عێراق وەك (کارل کۆلب/ پیلۆت پلانت) هیچی بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی ناگونجێن و بۆ مەبەستی شتی روەکین. کەچی لە 1984/5/15 لە یاساکانی دەرەوەی ئابوری ئەلمانیا لەبواری عێراقدا ناردنی پێنج مەوادی کیمیاوی لەو جۆرانەی قەدەغەکرد کە بۆ دروستکردنی چەکی کیمیاوی بەکاردێن. هۆلەندەو ئەمریکا فرۆشتن و ناردنی 8-11 مەوادی لەم جۆرەیان بۆ عێراق قەدەغە کرد. دواتر لە 1984/8/6 حکومەتی ئەلمانی مۆلەتی ناردنە دەرەوەی چەند دەزگایەکی کیمیاوی تری قەدەغەکرد. بەلام دواتر دەرکەوت کارگەکانی ئەلمانیا ئەم جۆرە کەرەسەو مەوادانەیان بە رێگای ناردنی بۆ دەولەتێکی ترو بە ناوی فرۆشتنی بە شوێنیتر لەوێوە نێردراون بۆ عێراق هەروەك ئەوەی کە بۆ لیبیایان ناردبوو کە ئەمیش بوە کێشەیەکی گەورەی نێوان ئەلمانیاو ئەمریکا. ئەوەبوو حکومەتی ئەمریکی بۆردومانی ئاسمانیی ئەو شوێنانەی کرد لە لیبیا کە ئەم دەزگا نهێنیانەی تێدا دروستدەکران بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیاوی. بە رێگای چاودێری سەتەلایت حکومەتی ئەمریکی نهێنیەکانی لیبیاو عێراقیشی بەباشی دەزانی و لە نزیکەوە چاودێریی دەکردن.

دواتـر ئـەو ئۆپۆزیسـیۆنەی (سۆشـیال دیموکراتـەکانی) دوێنێـی ئـەلمانیا لـە حیـزب و لـە بەشـەکانی راگەیاندنی ئەلمانیای سەر ، یان نزیك بە خۆیان کە بە توندی و رەخنەگرانەوە کە تەنها وەك راگەیاندن باسیان لێوە دەکرد دژ بە حیزبی دەسەلات ، دواتر کە خۆیان دەسەلاتیان گرتەدەست هـەتا ئـەمرۆ بـە هـیچ شـێوەیەك بـاس لـەم مەسـەلەیە ناکـەن و دۆسـیەکان داخـراوون ، هـەروەك ئـەوەی هـەتا لـە ئۆپۆزیسـیۆندا بـوون پێویسـتییان بـەو سیاسـەتە هـەبوبێت بـۆ بەرژەوەندیـەکی سیاسـی و حیزبـی و مەبەسـتی هەلبـژاردن. لـە کـاتی داگیرکردنـی کوێـت لـە لایـەن دەولـەتی بەعسـەوە عێـراق کۆمـەلێك کارمەندانی دەولەتە بیانیەکانی لە عێراق وەك رەهینە دەستبەسەر کرد. لە نێویاندا کۆمـەلێك ئـەلمان. دواتر سەرۆکی پارتی سیۆشیال دیموکراتەکانی ئـەلمانیاو سـەرۆك وەزیرانـی ئـەو کاتـە ڤیلـی برانـد بـە فرۆکەیەکی تایبەت رۆیشتە بەغداو دوای وتووێژ کردن لەگەل سەدام حسێن هەموو رەهینـەکانی لەگـەل خۆیدا هێنایەوە ئەلمانیاو پرۆپاگەندەیەکی سیاسی زۆری پێوەکرا بۆ حیزبەکەیان. دیارە ئەم رێکەوتنە پـێش سـەفەرەکەی ڤیلـی برانـد رێکخـراوە. کۆمەلـەی رێکخـراوی گـەلانی هەرەشـە لێکراوەکـان (Gesellschaft für bedrohte Völker) کە بارەگای سـەرەکی لـە ئەلمانیایـە ئـەوەی ئاشـکراکرد کـە تـا دواکاتی هێنانەوەی ئەو ئەلمانە پسپۆرانە بۆ ئەلمانیا لە دامودەزگاکانی دروستکردنی چـەکی کیمیـاوی بۆ رژێمی بەعس لە عێراق کاریـانکردوە. بەلگەیـەك زیـاتر کـە مـرۆڤ بـروای بـە سیاسـەتی نێودەولـەتی نەمێنێت بەرۆژئاواشەوە. ئەوە هەر دەولەتەکانی جیهان بوون لە یەك کاتدا لـە جـەنگی عێـراق / ئێـران چەکیان بە هەردوولایان دەفرۆشت.

## کارگەکانی چەکی کیمیاوییان بۆ عێراق دروستکرد

ناوی 82 کارگە ئاشکرایە بەشداری فرۆشـتن و نـاردنی کەرەسـەو پێـدانی زانیـاری بـوون بـە عێـراق بـۆ دروستکردنی دەزگاکانی چەکی کیمیاوی. ناو وە ناونیشانی هەموو ئەو کارگانە ، ئەو بانقانەی خەرجی ئەم پرۆژانەیان کردوە بۆ عێراق دیارن و ناسراون ، کەچی هەموو لایەك بێدەنگە لێی بە دەسـەلاتدارانی کوردیشـەوە. لێـرەدا نـەبوونی هەلوێسـتی نەتـەوەیی و خـەمخۆریی دەسـەلاتی کـوردی بـۆ تراژیدیاکـە دەبینرێت. کێشـە سـەرەکیەکە تـەنها لـە بـوونی دیکتاتۆرەکانـدا نیـە بـەلکو لـەو حکومـەت و کارگـەی چەکانەشدایە کە چەك بەرهەم دەهێنن و لەبەر چاوچنۆکی پارەو بازرگـانیی بـە هـەموو مـرۆڤ کـوژێکی ئەم سەر زەویە ژەهرو چەك ئەفرۆشن. هەر لایـەنێك چـەك بداتـە مـرۆڤ کوژێـك بـۆ ئـەوەی کردارەکـەی پێئەنجام بدات بە پێی یاسای سزا وەك هاوشەریك دەبینرێ. لە یاساکانی ئـابوری جیهـان و سیاسـەتی نێودەولەتیـدا بـە دەگمـەن لێپرسـینەوە دەکـرێ لەگـەل ئەوانـەی بەشـدارن لـە جینۆسـاید کردنـدا. دیاردەیەك جێی قبول کـردن نیـە.



**کوشتنی بەکۆمەلی خەلکی سڤیل بەگازی ژەهراوی / هەلەبجە**

## ئەلمانیا و ئاوشڤیتس

یەکێك لەو شێوەی بە کۆمەل کوشتنانەی ڕژێمی هیتلەر بەرامبەر بە یەهودیەکان ڕەفتاری پێوە دەکرد بریتی بوو لە کوشتن بە گازی ژەهراوی (چەکی کیمیاوی). یەکێك لەو شوێنانەی ئەم قرکردنەی تێداکرا بریتی بوو لە ئاوشڤیتس. ئاوشڤیتس ئەو ناوچەیە بوو کە نازیەکانی ئەلمانیا بە سەدان هەزارو بگرە ملیۆن هاولاتی یەهودییان تێیدا لەناوبرد بێگوێدانە ژن و پیاو و مندال و پیرو پەککەوتە. قوربانیەکان دەبوایە پێشتر جل و بەرگەکانیان دابکەنن و پێیان دەوتن بۆ حەمام کردنیان دەبەن. لەکوونی سەربانەوە گازە ژەهراویەکەیان بۆ دەرژاندنە خوارەوە بۆ ناو هۆلی حەمامەکە. یەکێك لە بیرکردنەوەی نازیەکان بۆ ئەم شێوە کوشتنە ئەوەبوو بتوانن بە نرخێکی هەرزان زۆرترین ژمارەیان لێبکوژن. ئاخۆ هۆی ئەوە لە چیدا بێت مرۆڤ بتوانێت ئەوەندە درندە بێت؟

## سی و پێنج سال دوای ئاوشڤیتس

35 سال دوای ئاوشڤیتس کارگەکانی ئەلمانیا بە زانین و چاوداخستنی حکومەتی ئەلمانیا ئەوەی بۆ حکومەتی عێراق دروستکرد کە ئەنجامەکەیمان نەك هەر لە جەنگی یەکەم و دوەمی جیهانیدا بەلکو لە هەلەبجەو ناوچەکانی تری کوردستان و لە جەنگی عێراق / ئێرانیشدا بینی. هەرچەندە بە تەنیا ئەلمانیا

نەبوە کە کەرەسەی پێویستی بە حکومەتی عێراقی فرۆشتبێت بۆ ئەم مەبەستە، بەلام ئەلمانیا رۆلی سەرەکی و گرنگی بینیوە تێیدا. لەبەر ئەوەی کە ئەم ولاتە لێپرسینەوەیەکی گەورەی لە مێژوی خۆیدا هاتۆتەسەر دەبوایە بە هیچ شێوەیەك بیری لەوە نەکردایەتەوە رێگا بدات بە فرۆشتنی ئەم جۆرە مەوادانەی کە دەکرێنە چەکی کوشندەی کۆمەل کوژ. ئەلمانیا سێیەم دەولەتە لە جیهاندا لە فرۆشتنی چەك. بەواتا ئەوە بەتەنیا رژێمی بەعس نەبوو کوردی کۆمەل کوژ کرد بەلکو هەمو ئەوانەشن کە هەر یەکەو بەشێوەیەك بەشێکی بەرپرسیارێتیەکەی روبەروو بۆتەوە. سەبارەت بە ئەلمانیا ، ئەم دەولەتە چیتر ناتوانێت کوژراوەکانمان زیندو بکاتەوە بەلام بەلایەنی کەمەوە دەکرێ :


1) قەرەبووی پاشماوەی بریندارەکان بە چەکی کیمیاوی بکاتەوە کە توشی زیانی مادی و گیانی و رۆحی بوون، هەروەها بەشداربن لە ئاوەدانکردنەوەی شارو ناوچەکانیان و پاککردنەوەی ژینگەی ناوچەکە لە شوێنەواری چەکی کیمیاوی.

2) جارێکی تر ئەم جۆرە چەکانە بە عێراق و بە هیچ لایەنێکی تر نەفرۆشن. یاسای دەولەتەکەیان توندبکەن کە رێگربن لە دوبارە بوونەوەی ئەم تراژیدیایانەو مرۆڤ دەبێت لە سەرمایەو پارە بەنرختر بێت. ئایا ولاتێکی تر ئەوەی بەرامبەر بە نەتەوەی ئەلمان بکردایە کاردانەوەیان چی دەبوو؟

3) کارگە لیپرسراوەکان بدرێنە دادگا. کەم نین ژمارەی ئەو سیاسەتمەدار و دەسەلاتدارە حیزبی و حکومیە ئەلمانانەی لەسەرەتاوە ئاگاداری دیاردەکە بوون و لەبەر بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی چاویان داخستوە لە فرۆشتن و ناردن و دروستکردنی ئەم دەزگاو چەکە بۆ عێراق. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی کێشەیەکی نێودەولەتیە، نەك بەتەنها هی نێوخۆی ئەو دەولەتە بێت. تەجروبە کردنی ئەم چەکە بەسەر مرۆڤدا یەکێك بووە لە ئامانجەکانی دەولەتی بەعس و لایەنی دیکەی دەرەوەش.





Corpses in mass grave at Auschwitz




**ئەو وێنانە بریتین لە جینۆسایدکردنی یەهودیەکان لە لایەن ڕژێمی نازیەوە ( کۆکردنەوەی پێڵاو و جلو بەرگەکانیان پێش کوشتنی بەکۆمەل ، سوتاندنیان لە کورەی ئاگردا ، شاخێك لە جەستەی کوژراوەکان بە گازی ژەهراوی و بە عەرەبانە فرێدانیان بۆ نێو چال وەك ئاژەل...).**

## ئەلمانیا و ئیسرائیل

ئەلمانـەکان لەبـەردەم حکومـەتی ئیسـرائیلدا خۆیـان زۆر بـە شـەرمەزار و قـەرزبار نیشـان ئـەدەن کـە دەشبێت وابێت ، بەوەی کە بەرامبەر بەو گەلە کراوە. فرۆشتنی چەکی کیمیاوی لە لایەن ئەلمانیاوە بە عێراق کە پێش داگیرکردنەکەی کوێت هەرەشەی لە ئیسرائیل پێدەکرد کـە نیـوەی ولاتەکـە بـە چـەکی کیمیاوی دەسوتێنێ شـوێنەواری خـۆی لـە سیاسـەت و لـە مێـژودا بـۆ زۆر لایـەن بەرامبـەر بـە ئـەلمان جێدێلێت. هۆکەیشی ئەوەیە چونکە ئیسرائیل حکومەتە، خـاوەن کیـان و قـەوارەو دەسـەلات و لۆبیـە. خاوەن جالیەیە لە دونیادا ، لە ئـەوروپاو لـە ئـەمریکادا ، هـەروەها لەسـەر ئاسـتی دبلۆماسـیدا. لەبـەر ئەوەی کورد خاوەن ئەم دەسەلات و دەزگایە نیـەو بـێ کیـان و بـێ دەولـەت و بـێ پـارێزەرەو خۆشـی کەمتەرخەمە هەتا ئەمرۆکە نەك قەرەبوو نەکراوە بەلکو داوای لێبوردنیشی لێنەکراوە. بـەلام ئیسـرائیل لەقەرەبووی بە گاز کوژراوەکانیان بە کوشتنی بە کۆمەلی یەهودیەکان جگە لە دەستکەوتی سیاسی بە ملیـارد مارکیـان داواکـردوەو سـەندوە. کاربەدەسـتانی حکـومی و حیزبیـی گـەورەی ئـەلمانیا دەچـنە ئیسرائیل و لەوی کلاوە بچوکە یەهودیەکەیان دەکەنە سەرو بەرەو شوێنی یاد کردنەوەکانیان دەبـەن و لەبەر دەمیاندا دەیانچـەمێننەوە. ئەمەیـە هێشـتا واقعـی دنیـای ئەمرۆکـە. بەتـەنیا بـوونی دەولـەتێکی کوردی بەس نیە ئەگەر دەسەلاتەکەی وەك یەهودەکان نەتەوەیی رەفتار نەکات.



British 55th Division gas casualties 10 April 1918

**( کۆمەلێك سەربازی بەریتانی لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا بەچەکی کیمیاوی ئەلمانیا زامداربوون )**

## هەلوێستی ئەلمانیای رۆژهەلات و حكومەتی مۆسكۆ

سەبارەت بە هەلوێستی ئەلمانیای رۆژهەلاتی ئەو سەردەمەی سەر بە (بلۆكی ئیشتراكی) لە رۆژنامەی (NEUES DEUTSCHLAND) بەواتا "ئەلمانیای نویێ" رۆژنامەی فەرمی ئەو دەولەتە بوو لە بەرواری 1988/3/18 بابەتێكی نوسیبوو لەژێر ناونیشانی: "سیاسەتمەدار د.منچر ابراهیم الشاوی لە كۆماری عێراقەوە لە ئەنجومەنی وەزیرانی كۆماری ئەلمانیای دیموكراتی لەلایەن ڤیلی شتۆفس پێشوازی لێكرا". لەیەكێك لە ئەستونەكانیدا رۆژنامەكە دەنوسێت: "هەردوو لایەن جەختیان لەسەر ئەوە كردوە كە هێشتنەوەو پارێزگاری كردنی ئاشتی جیهانی، هەروەها هەموو هیمەتێك بۆ كەمكردنەوەو نەهێشتنی چەك و پێشبركێی چەك لەسەر رووی زەوی واتایەكی گرنگی ژیانیی هەیە بۆ دوا رۆژی سەرجەم مرۆڤایەتی...". دوبارە ئاماژە بۆ بەرواری پێشوازیەكەی سیاسەتمەداری عێراقی ئەدەم لەلایەن ئەلمانیای رۆژهەلاتەوە كە دەگەرێتەوە بۆ دوو رۆژ دوای بەكارهێنانی چەكی كیمیاویی لە هەلەبجە لە لایەن دەولەتی عێراقەوە نەك بە یەك وشە باس لە تراژیدیاكەی هەلەبجە نەكراوە ، بەلكو لەو بەروارە ئەو پێشوازیەشیان لێكردوە. هەر لە نزیكەی هەمان بەرواریش هاوریێ كوردەكانی كوردستان / عێراق لە گۆرەپانی سوری مۆسكۆ نارەزاییەكی ئاشتیخوازانەیان دژ بە بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لە هەلەبجە ئەنجامدابوو. حكومەتی مۆسكۆ بەشێكی ئەو كوردانەی لە یەكێتی سۆڤیەت دەركردو بەشێكی تری لە مۆسكۆ دورخستەوە. ئەمەش ئەو جیهانەیە كە كوردی بەدبەختی تێدا دەژی.



## بەكارهێنانی چەكی كیمیاوی لە ڤێتنام

حكومەتی ئەمریكی لەجەنگی ڤێتنام و كەمبۆدجا چەند جۆرە مەوادێكی گوایە دژ بـە حەشـەراتی روەك وەك ئەوەی عێراقی بەكارهێنا. ئەنجامەكانی بـۆ ئـەم دوو ولاتـە لـە راپـۆرتێكی زانسـتیی ئـەمریكی لـە

سالی 1974 خرایە بەردەم و له راپۆرتەکەدا هاتوه: "بۆ دەیان و بگرە زیاتر له سەد سال دەخایەنێت هەتا شوێنەوارو ئەنجامی خراپی ئەم مەوادە کیمیاویانە نامێنن. ئەنجامی خراپی ئەم مەوادانە بۆ سەر مرۆڤ و لەدایك بوونی مندالی سەقەت نەك هەر بە تەنیا لە ڤێتنام بەلکو لە ئەمریکاش لە مندالانی سەربازێکی زۆر دەرکەوتن کە لەبەکار هێنانی ئەم مەوادە کیمیاویانە لەو ولاتانە وەك ڤێتنام تێکەل بوون پێی. دوای ماوەیەکی درێژ ئەنجامەکەی بەهۆی چەند دەرکەوتەیەکی چاوەروان نەکراو دەردەکەویَ. جەنگی ڤێتنام دوورودرێژترین و گرانترین جەنگ بوو لە مێژوی یەکێتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بۆ یەکەمجار لە مێژوی جەنگدا بە هۆی ئەمریکاوە ڕێژەیەکی زۆر لە مادەی (هێربیتسید) چەکێکی کیمیاوی دژ بە روەك بەکارهێنرا. ئەنجامەکانی بریتین لە وێرانکردنێکی مەودای دوور لە زەوی کشتوکالی و ناوچەی سەوزایی. لە 90٪ ی بەرنامەی وێرانکردنەکە بە ئامانجی وشککردن و وێرانکردنی دارستانەکانی ڤێتنام بوو. ئامانجەکەی تری بۆ وێرانکردنی بەروبومە کشتوکالیەکانیان بوو. کۆچی دانیشتوان لە ناوچە کشتوکالیەکانەوە بۆ شارەکانی ژێر کۆنترۆلکراوی ئەمریکیەکان دەگەرێتەوە بۆ ئەنجامی هێرشی مادەی (هێربیتسیت). لەوانەشە ئەمریکیەکان ئەم دیاردەیەیان مەبەست بوبێت[6]". شتێکی نهێنی نیە کە رژێمی عێراقیش لە کوردستان / عێراق هەمان ستراتیجیەتی پەیرەو دەکرد. بەلام بەهۆی سەرقالی رژێمی بەعس خۆی بە کێشەکانیەوەو بە هۆی راپەرینی کوردەوەو هاتنەپێشی بارودۆخێکی نویَ حکومەتی بەعس چیتر نەیتوانی درێژە بەو ستراتیژەی بدات لە کوردستان.



**سوتانی مندالانی گوندێکی ڤێتنام بەچەکی نێودەولەتی قەدەغەکراو لەلایەن حکومەتی ئەمریکا لەجەنگی ڤێتنامدا**

[6]) WERNER DOSCH + PETER HERRLICH له کتێبی (نەهێشتنی چەکی ژەهراوی) ، شارەزا پزیشکیەکان ئاماژەی جدی ئەدەن بە مەترسی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی ، فرانکفورت/ ئەلمانیا ، چاپخانەی (FISCHER)، 1985.

له نێوان 1961 – 1971 ویلایه‌ته یه‌كگرتوه‌كانی ئه‌مریكا به تایبه‌ت له خواروی ڤێتنام ، (91) ته‌ن هێربیتسیتی به‌كارهێناوه كه بریتین له چه‌ند مه‌وادێكی كیمیاوی جۆراوجۆر. هه‌ندێكیان وه‌ك ( RGNTE ORANGE) كه زه‌هری (SEVESO DIOXIN-TCDD)ه، ته‌نیا روه‌ك وێران ناكات به‌لكو مرۆڤ و ئاژه‌لیش. له دارستانه‌كانه‌وه ئه‌م (دیۆكسین)ه چۆته ناو چه‌م و روباره نزیكه‌كانه‌وه كه كاری له پێكهاته‌ی كیمیاوی ماسی و چه‌ند گیانله‌به‌رێكی تری ئاویی كردوه كه دیاره له خواردنیاندا ده‌توانێت ئه‌نجام و شوێنه‌واری خراپی خۆی له مرۆڤدا به مه‌ودای دوور جێبهێلێت. شوێنه‌واری ئه‌م هێرشی چه‌كی كیمیاویه هه‌تا ئه‌مرۆكه هێشتا دیاره. هه‌تا گه‌رانه‌وه‌ی بۆ بارودۆخه ئاساییه‌كه‌ی خۆی ئه‌و ناوچانه‌ی له 1 – 3 جار ئه‌م مه‌وادانه‌ی پێدا كراوه به ته‌قدیر 80 – 100 سالی ده‌وێت. له‌و دارستانانه‌ی ڤێتنام كه ئه‌م چه‌كه كیمیاویانه‌ی تێدا به‌كار نه‌هێنراوه 145 – 170 جۆر له بالنده‌ی تێدا ده‌ژی. به‌لام له ناوچه وێران و به‌ر ژه‌هر كه‌وتوه‌كان ته‌نیا 24 جۆر بالنده‌ی تێدا ده‌ژی. جگه له‌وه له دایكبوونی مندالی سه‌قه‌ت. جۆری گه‌شه‌كردنی نائاسایی مندال له سكی دایكیداو نه‌خۆشی شێرپه‌نجه له مرۆڤدا ئه‌نجامی به‌كارهێنانی ئه‌م چه‌ك و مه‌وادانه بووه له ڤێتنام. سه‌ردانی ئه‌و ژن و پیاوه ئه‌مریكیه تۆكسیكۆلۆجه‌ی له‌م كاته ناوه‌كانیانم له‌یاد نیه چوونه هه‌له‌بجه‌و دوای زیارت له ده سال له‌به‌كارهێنانی چه‌كی كیمیاوی هه‌مان دیارده‌یان له رووی پزیشكیه‌وه سه‌لماند. ئه‌وه دۆكیومێنتێكی گرنگه بۆ راستی بابه‌ته‌كه. له ڤێتنام بۆ ئه‌م مه‌به‌سته ئینستیتوی تایبه‌ت هه‌یه. هه‌تا ئه‌مرۆكه‌ش هۆی له‌بارچوونی مندال ده‌گه‌رێته‌وه بۆ ئه‌نجامی ئه‌م ماده‌و چه‌كه مه‌ترسیداره[7]. هه‌ندێ له‌م مندالانه‌یان له‌ناو شوشه‌ی تایبه‌ت داناوه له ئینستیتوته پزیشكی و مۆزه‌خانه تایبه‌ته‌كان و به‌دۆكیومێنت كراوون بۆ رای گشتی.

## كۆنگره‌كه‌ی پاریس

له 7–1989/1/11 به‌واتا دوای كاره‌ساته‌كه‌ی هه‌له‌بجه كۆنفرانسێك سه‌باره‌ت به‌چه‌كی كیمیاوی له پاریس ئه‌نجامدرا كه چه‌ند بریارێكیشی ده‌ركرد ، به‌لام هیچ كوردێكی عێراق رێگا نه‌درا وه‌ك چاودێریش به‌شداری تێدا بكات. به‌یه‌ك وشه‌ش باس له به‌كارهێنانی چه‌كی كیمیاوی نه‌كرا له كوردستان / عێراق. رێكخراوی نه‌ته‌وه یه‌كگرتوه‌كانیش كاتی خۆی حكومه‌تی عێراقی مه‌حكوم نه‌كرد به‌رامبه‌ر به به‌كارهێنانی چه‌كی كیمیاوی نێوده‌وله‌تیی قه‌ده‌غه‌كراو له هه‌له‌بجه.

[7]) هه‌مان سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌وه.

## گه‌شتی پرۆفیسۆر هێندریکس سه‌رۆکی یه‌که‌م وه‌فده‌که‌ی UN بۆ هه‌له‌بجه‌

له‌ چوارچێوه‌ی به‌شداربوونم له‌ کۆنفره‌نسێکی نێوده‌وله‌تی له‌ ئه‌لمانیا / هه‌رێمی برێمن ، له‌ژێر ناونیشانی "مافی مرۆڤ له‌ کوردستان" وتووێژێکی ڤیدیۆم له‌گه‌ل تۆکسیکۆلۆجی به‌لجیکی به‌شداربووی کۆنفره‌نسه‌که‌ پرۆفیسۆر ئاوبین هێندریکس ئه‌نجامدا سه‌باره‌ت به‌ گه‌شته‌که‌ی بۆ هه‌له‌بجه‌. له‌دوای کاره‌ساته‌که‌ی هه‌له‌بجه‌ ڕێکخراوی نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتوه‌کان یه‌که‌م وه‌فدی خۆی به‌سه‌رۆکایه‌تی پرۆفیسۆر (Aubin Heyndricks) نارده‌ کوردستان / عێراق بۆ لێکۆلینه‌وه‌ له‌کاره‌ساته‌که‌ی هه‌له‌بجه‌و ده‌وروبه‌ر. له‌ ڕۆژی دوو شه‌مه‌ ڕێکه‌وتی 1988/4/11 وه‌فدێکی شاره‌زا له‌بواری پزیشکی و تۆکسیکۆلۆجیدا به‌ڕێگای کرماشانه‌وه‌ ڕۆیشتنه‌ هه‌له‌بجه‌ له‌ژێر سه‌رۆکایه‌تی پرۆفیسۆر هێندریکس ، سه‌رۆکی به‌شی تۆکسیکۆلۆجیی له‌ زانکۆی گێنتی / به‌لجیکا. گه‌شتی لێکۆلینه‌وه‌که‌ی ناوبراو له‌ 10–1988/4/14 ی خایاند. پرۆفیسۆر هێندریکس به‌م شێوه‌یه‌ ده‌رباره‌ی گه‌شته‌که‌ی دوا بۆم و دواتر به‌ نوسین به‌ زمانی ئینگلیزی بلاوکرایه‌وه‌:

به‌هه‌لیکۆپته‌رێك له‌ ئێرانه‌وه‌ براینه‌ هه‌له‌بجه‌و له‌ ڕۆژی 1988/4/2 له‌کاتژمێری 30 :10 گه‌یشتینه‌ ئه‌وێ (هه‌له‌بجه‌) بۆ ئه‌نجامدانی لێکۆلینه‌وه‌که‌مان. له‌گه‌ل خۆماندا ئامرازی پێویستمان بردبوو وه‌ك جل و به‌رگی تایبه‌ت و ماسکی گازو شتی تری پێویست بۆ کۆکردنه‌وه‌ی هه‌ندێ له‌ که‌ره‌سه‌ ژه‌هراویه‌کان بۆ بردنه‌وه‌یان له‌گه‌ل خۆماندا بۆ به‌لجیکا. له‌سه‌ره‌تادا هاتینه‌ ناو شارێکی ته‌واو به‌جێهێلراو و مردو که‌ به‌هیچ شێوه‌یه‌ك ژیانی تێدا نه‌مابوو. چه‌ند سه‌ربازێك (مه‌به‌ستی سه‌ربازی ئێرانیه‌ — نوسه‌ر) و 10 پیاوی کوردی لێبوو له‌شاخه‌کانه‌وه‌ هاتبونه‌ خوارێ. لۆریه‌کی ئێرانی له‌سه‌ر شه‌قامه‌که‌ وه‌ستابوو که‌ له‌لایه‌ن کورده‌کانی ده‌وروبه‌ره‌وه‌ به‌کرێ گیرابوو ، پرکرابوو له‌ مۆبیلیات و که‌ره‌سه‌ی مال که‌ بیانباته‌ ناو ئێران. پێشه‌کی له‌ژێر که‌ره‌سه‌ی خانوه‌ روخاوه‌کاندا کۆمه‌له‌ گیانله‌به‌رێکمان بینی که‌بۆگه‌نیان کردبوو. هه‌روه‌ها لاشه‌ی مرۆڤێك له‌ژێر که‌ره‌سه‌ی خانوه‌که‌دا که‌ ده‌ستی هاتبوه‌ ده‌رێ و نینۆکه‌کانی شین هه‌لگه‌رابوون. که‌ به‌به‌رده‌م ماله‌کاندا ڕۆیشتین بۆنی شتێك ، ماده‌یه‌ك ده‌هات که‌به‌بۆچونی من بۆنی لاشه‌ی مرۆڤ بوو. به‌پێی پرسیارو زانیاریه‌کانی ئێمه‌و زانیاری یاریده‌ده‌رێکی پزیشکیی ( medicins sans frontieres) پێی وتین که‌هه‌تا ئه‌و کاته‌ زیاتر له‌ 3800 کوژراو ، و زیاتر له‌ 10 هه‌زار بریندار هه‌بوه‌. به‌لام له‌و بارودۆخه‌دا کاته‌که‌ زۆر کورتبوو بتوانرێت سه‌رژمێری لاشه‌کان بکرێن. زۆربه‌ی زۆری لاشه‌کان به‌پێی شه‌ریعه‌ی ئاینیی نێژرابوون. نه‌سوتێندرابوون و به‌کۆمه‌ل نه‌نێژرابوون و بکرێن به‌ژێر خاکه‌وه‌. خه‌لکه‌که‌ شوێنه‌کانیان نیشان ئه‌داین و ئێمه‌ش ئه‌چوینه‌ لای لاشه‌کان. له‌ کوژراوه‌کان و له‌ خۆلی زه‌وی و جل و به‌رگه‌ به‌جێماوه‌کان و قژی مردوه‌کان هی ژنێك ، یان هی مندالێك ، و له‌پاشماوه‌ی بۆمباکان و به‌ردو ڕوه‌که‌ سوتاوه‌کان ، له‌هه‌ر یه‌که‌یان شتێکمان لێده‌کردنه‌ ناو قتوی تایبه‌ته‌وه‌.

هەموو کەرەسە وەرگرتوەکانمان بەباشی تۆماردەکردو سەریمان دادەخست بۆ ئەنجامدانی لێکۆلینەوە دەربارەیان لەبەشی تۆکسیکۆلۆجیی لەزانکۆی گێنت لە بەلجیکا. لەتاران بەرێگای وەرگێری زمانەوە پرسیارمان لەدوو کچی کورد کرد سەبارەت بەچۆنیەتی روداوەکە. ئەم دوو کچە کوردە زۆر ئاسان بەلام زۆر بەتەواوی بۆیان باس کردین کە لەرۆژی هەینی 3/16 خۆیان شاهیدی کاتی بۆردومان کردنەکەن کە نیوەرۆ دەستی پێکردو هەتا ئێوارەی خایاندبوو. 10 جار هێرشی بۆمبا کرابوو. هی گازی ژەهراوی و چەکی ئاسایی. ئەم دوو کچە کەناوی یەکێکیان صالحەو تەمەنی 14 سال بوو ، ئەویتر تەمەن 22 سال بەناوی لەیلا حەبیبولاو هەردوکیان خەلکی هەلەبجە بوون بەر جۆری گازی زەنف (YPERITE) کەوتبوون. هەردوکیان هیوای مانەوەیان لەسەر ژیان زۆر کەمبوو. هەندێ کەس کە لە مالەوەیان هەلاتبوون بۆیان باسکردم کە کچیان بینیوە کە دەکەوتن و دەمردن ، ئیتر بەپێی ئەوەی کێ و بەر چ جۆرە ژەهرێکی کیمیاوی کەوتوە. هەندێ خەلکیتر لەشەقامێکی تری تەنیشت بەر جۆرە بۆمبایەکی تری کیمیاوی کەوتبوون کەزۆر بەئەشکەنجەو ئازارەوە مردبوون. چاوەکانیان وەك سەری دەرزی دەرپەرییبوو، خوێن لەدەمیانەوە هاتبوە دەرێ. هێزی ئەژنۆیان شکابوو. دوای چەند خولەکێك گیانیان سپاردبوو. ئەمە گازی ئەعساب بووە (neurotoxik gas). هەندێکی تریان کێشەیان لەبەشی چاو ، و پێستدا بۆدروستببوو کە گازی زەنف هۆی سەرکی ئەم دیاردەیە بووە. گازی زەنف (YPERITE) ئۆرگانێکی فۆسفاتەو پلازمای خوێن لەکار دەخات ACETYLCHOLINESTERASE –( TABUN, SARIN) بابەتی لەم جۆرە ژەهرانە بەکارهێنراون. لەو شەقامانەی تر کە سەردانیمان کردن ، لەشەقامی کانی گۆلکە لەگەرەکی پاشا هەمان ئەعرازمان بەدیکرد وەك ئەوەی شەقامەکەی تر ، کە سێ کوردیش شایەتیی ئەم شتەیان بۆداین هەروەك چۆن دوو کچە کوردەکەی خەستەخانەی سەربازیی تاران هەمان شتیان بۆ باسکردین. ئەم قسانە هەمووی لەگەل سەرنج و لێکۆلینەوەکانی ئێمەدا گونجاو بوون و هەمووی راستبوون. ژنێکی تەمەن 30 سالەی خەلکی شەقامی پیر موحەمەد لە گەرەکی پاشاخانە ئەمیش بەر گازی زەنف کەوتبوو. شایەتەکانی ئێمە ، کە بەبرینداریی لەچەکی ژەهراوی رزگاریان ببوو لەمردن وەسفی ئەعرازەکانی شەڕی مان و مردنی ئەم ژەهرەیان بۆ کردین. وەسفەکانیان بەتەواوی دەگونجان لەگەل لێکۆلینەوەکانی ئێمەو ڕاستی ئەنجامەکانی بەتەواوی خستەڕوو بۆمان[8].

[8]) زۆرن جۆری ئەو چەکە کیمیاویانەی هەن و بەکارهێنراوون دژ بە مرۆڤ ، ئاژەل ، مەل و ڕووەك. ماددە کیمیاویە کوژەرەکان بە پێی کاریگەرییان جودا دەکرێنەوە: لە نێو ئەوانەدا هەن کاریگەریی لەسەر جیهازی عەسەبی دەکات ، یان زیان بە خوێن دەگەیەنێت ، لەسەر پێست / بلق و برینداری کەش دروستدەکات. ژەهراوی بوون بە ماددەیەکی کیمیاوی تەنیا بەند نیە بە شێوازی کاریگەریەکەیەوە بەلکو هەندێکجار بە چەندایەتیەکەیەوە. بۆ نمونە ئەو ژەهری سالیۆمەی لە سێروانی ناوچەی مەرگە کرایە ماستاوەوە بۆ کۆمەلێك لە پێشمەرگەکانی یەکێتی ، ئەوانەی زۆرتریان لێخواردبۆوە مردن ، یان بەخەستی زامداربوون وەك لەوانەی کەمتریان لێخواردبۆوە (نوسەر دەربارەی ئەم روداوی



دوای هەلەبجە بەهەلیکۆپتەر بەسەر چەند دێهاتێکی تردا هاتوچۆمان کرد وەك (دۆژینە ، خورمال و عینەب). ئەم شوێنانە وەك ناوچەی مردوو وابوون چونکە دانیشتوانەکانی هەموو لەترسی چەکی کیمیاوی هەلاتبوون. ئێمە نەمانتوانی لەم گوندانە بنیشینەوە لەترسی چالاکی و پێکدادانی سەربازی. لەخەستەخانەی سەربازی لە تاران وتووێژمان لەگەل کچێکی تەمەن 12 سالەی خەلکی گوندی دۆژینە کرد کەزۆر بەخەستی بەر گازی زەنف کەوتبوو. کارەساتەکەی دۆژینەی بۆ گێراینەوە کەمرۆڤ دەتوانێت بەتراژیدیایەکی گەورە نێوی ببات. نیوەرۆکەی بەهەلیکۆپتەرەکە گەراینەوە ناو سنوری ئێران و دواتر بە فرۆکەیەکی ئاسایی گەراینەوە بۆ تاران. لە هەلەبجە پێیان راگەیاندین گوندێکی تریش بەخەستیی بەر چەکی کیمیاوی کەوتوە بەلکو بتوانین لەوێش کەرەسەی پێویست بەرین بۆ لێکۆلینەوە

---

ژەهری سالیۆمە لە سێڕوانی ناوچەی مەرگە کتیبێکی نوسیوە). ماددەی تۆکسین لە نێو چەکە کیمیاویەکاندا شوێنێکی تایبەتی هەیە. پێکهاتەی کیمیاویی تۆکسین ئالۆزترە وەك لە چەکە کیمیاویەکانی تر. تابوون چەکێکی کیمیاوی دژ بە ئەعسابەو ئەمیش لەلایەن ئەلمانەکانەوە دروستکرا. زانای کیمیاوی ئەلمانی ( G. Schröder) کە توێژینەوەی بۆ کارگەی کیمیاویی ئەلمانی ( I.G.Farben) دەکرد ، لە سالی 1937 گازی تابوونی دۆزیەوە. گازی (سارین) یش هەروەك تابوون هەردووکیان گازی دژ بە ئەعسابن و دەبنە هۆی لەدەستدانی تەواوی ماسولکەکان. قوربانیەکە پێچ بەخۆیدا ئەدات و کۆنترۆلی بەسەر میزو پیسایی لەدەست ئەدات. قوربانیەکە دوای چەند خولەکێك گیان لەدەست ئەدات بەهۆی خنکاندنێکی بە ئازارو ئەشکەنجەوە. کاریگەریی گازی تابوون خێرایە. ئەم ژەهری ئەعسابە کاریگەریی خراپ دەکاتە سەر ئۆرگان و چالاکیە ژیانیە گرنگەکانی جەستە. سەبارەت بە تابوون بەرکەوتوەکە یان خێرا دەمرێ بەلام دەشکرێ بژی و چاك بێتەوە.


لەگەل خۆمان. حەزمان دەکرد بەم کارە هەستین بەلام لەبەر هۆی ئاسایش و ترسی چالاکی سەربازیی نەمانتوانی بگەینە گوندەکە. دەمەویّ لێرەدا ئاماژە بەوە بدەم کە گواستنەوەی کوردە بەر چەکی کیمیاوی کەوتوەکان بەپاس لە هەلەبجەوە بۆ کرماشان بەو شێوە گواستنەوەیەی ئەو قۆناغە نزیکەی 24 کاتژمێری ویستوە. ئێمە لێرەدا ئازارو ئەشکەنجەی ئەم مرۆڤانەو شەڕکردن و زۆرانبازییان لەگەل ژیاندا دەخەینە بەرچاوی خۆمان کەچۆن بووە. ئەو ڕێگا درێژەو نەبوونی توانای ژەهر دەرکردن لەئۆرگانەکانی لەشیان و چارەسەرنەکردنی پزیشکییان ، دەبێت بۆ خەلکە زامدارەکان زۆر بەئازار بوبێت. زۆر لەم مرۆڤە کوردانە بەرێگاوە لەناو پاسدا گیانیان لەدەستداوە. تەنیا ژمارەیەکی کەمیان توانراوە بەهەلیکۆپتەر لەجێگا نشینەکانی خۆیانەوە بگوێزرێنەوە. ئەگەر مرۆڤ ئەو وەزعیەتە بهێنێتە بەرچاوی خۆی کە بەهەزاران بەر چەکی کیمیاوی کەوتوون و توانای هەلیکۆپتەریش دیاریکراوە (ڕاپۆرتی ژمارە88/RN/0491 ی د. رفیق خان دەکەم وەك ڕێکخەری دەزگای تەندروستی (WHO/UNHCR) بەرواری 1988/4/10).



## ئەنجامی لێکۆلینەوەی وەفدەکەی UN بەرامبەر بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە کوردستان / عێراق

من لێرەدا ناچمە تەرجومـە کردنـی یەکەیەکـەی راپـۆرتی ئەنجامـە پزیشـکیەکانی ئـەم تیمـە پزیشـکیە لەناوچـەکانی هەلەبجـەو دەوروبـەر کـە دوای لێکۆلینـەوەی لـە بـەلجیکا لای کەسـانی پسـپۆر چـونکە ژمارەیـان زۆرە. پرۆفیسـۆر AUBIN دوای گەرانـەوەی لـە ئـەلمانیا بـۆ بـەلجیکا دوو کتـێبی بـەزمانی ئینگلیزی بۆ ناردم لەسـەر ئـەم بابەتـە. پرۆفیسـۆر ئـاوبین: دوای هـەر لێکۆلینەوەیـەکی پزیشـکیی بـە راپۆرتێکی کورت ئەنجامەکەی خستۆتە روو. من لێرەدا ئاماژە تەنیا بە یەکێك لەم راپۆرتانە ئەدەم :

- سـەرجەم ئـەو پشـکنینانەی کردومـانن هـی کوردەکـانی هەلەبجـەو ناوچـەی دەوروبـەر بـەهیچ شێوەیەك گومانی تێدا نیە کە لەم ناوچانە چـەکی کیمیـاوی بـەکار هێنـراوەو ئـەم مرۆڤانـە لـە ئەنجامی ئەم چەکە کوژراون ، یان زامدار بوون.
- سەبارەت بە لێکۆلینەوەی میتالیی (مەعدەنی) بۆمباکە کە لەناو مالە روخاوەکاندا دۆزیماننەوە هەمان ئەو مەعدەنەیە کەکاتی خۆی لەراپۆرتی ژمارە (CTA/PJ1984.2) هی بـەرواری 1984/7/1 لە دورگەی مەجنوون لە ئێران وەسفمان کردوەو بەکارهێنرابوون لە لایەن حکومەتی عێراقەوە. هەندێ لەو برینـدارە کوردانـەی ئێمـە لـەئێران بینیمـانن هـەمان ئـەو ئەعرازانـەیان هـەبوو کـە لەراپۆرتەکـەی 1984/7/1 ئاماژەمـان پێـداوە لـە خەسـتەخانەی گێنـت بـۆ چارەسـەرکردن هێنرابوون.
- ناوچە کوردیەکانی عێراق کە ئێمە وەك پسپۆری ئەم بوارە بەووردی لێکۆلینەوەمان دەربـارەی ئەنجامداو سەرنجمان دانێ بەتەواوی گومانی نەهیشتۆتەوە لەوەی کە ئـەم چـەکە کیمیاویانـەو بۆردومان کردنەکان لەلایەن رژێمی عێراقەوە ئەنجام دراوون ( گێنـت ، 1988/4/27 – بـەئیمزای پرۆفیسۆر AUBIN ĤEYNDRICKS).




**پرۆفیسۆر د. ئاوبین هێندریکس**

قژی ئافرەتێکی کورد لەنێو ئەو ئینبوبەی بە دەست د. ئاوبین ەوە

Aubin Heyndrickx holds a hair sample from a woman who died after an attack in Halabja, Iraq, in 1988.

Published: June 25, 2006 The new York Times , Middle East

## ئەنجامی وەفدەکەو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان

ئەم چەکە کوشندەیە بە پێی بریاری (1925/9/17) ی جنێف بەکارهێنانی لە جیهاندا قەدەغەیە، نەك هەبوونی. بریارێك دەولەتی عێراق لە سالی 1931 ئیمزای کردوە. ئەو چەکەی بەکارهێنرا بە پێی بریاری ژمارە 2826 ی (1971/12/16) ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ، برگەی 26 دەبێت خەلکی بێ چەك لە شەڕدا بپارێزرێت ، بە یاسای ژمارە 2827 ی (UN) ی هەمان بریار دەبێت کۆنترۆلی چەکی کیمیاوی بکرێت بۆ بەکارنەهێنانی. کەواتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەم یاسایانەی بۆچی و بۆ کێ نوسیوە؟ چ واتایەك دەمێنێتەوە بۆ ئیمزا کردنی ئەو دەولەتانەی جیهان سەبارەت بەم ڕێکەوتنامانە؟ ئەنجامی لێکۆلینەوەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەکوردستان لەلایەن دەولەتی بەعسەوە بەرامبەر بە کورد لەسەر مێزەکەیدایە. هی وەفدێکی تۆکسیکۆلۆجی پسپۆر کە ئەم ڕێکخراوە نێودەولەتیە خۆی لێکۆلینەوەکەی پێ سپاردوەو ئەنجامەکەیشی لەبەر دەمدایە.

## نە برینداری و نە خوێن لەسەر جەستەی کوژراوەکان دەبینران

لە مانگی 1988/1 پسپۆرێکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان د. ئولریش (ULRICH JANOBERSTEG) گەشتی ئەو ناوچانەی کرد لە کوردستان / عێراق کە بەر چەکی کیمیاوی کەوتن ، بەواتا پێش

روداوەکەی هەلەبجە بەدوو مانگ. د. ئولریش بەرامبەر بە میدیاکان بەم جۆرە هەستی خۆی دەربری و وتی: "ئەم وێنانەم هەرگیز لەبەر چاو لاناچن". گروپێك لە رۆژنامەوانی بیانی کە دوای روداوی کیمیاویەکە لە ئێرانەوە دەچنە هەلەبجە سەبارەت بە کوژراوەکانی گازی ژەهراوی بەرامبەر بە گۆڤاری ناسراوی هەفتانەی ئەلمانی (شتێرن) لەبەرواری 1988/3/30 دەلێن: "نە برینداری و نەخوێن لەسەر جەستەی ژنان و پیاوان و مندالان دەبینرێن کە هێشتا لەسەر شەقام و کۆلانەکان و لەناو مالەکاندا کەوتوون. مردوەکان رەنگێکی سەیریان لێنیشتوە ، چاوەکانیان دەروانن بۆشایی ، لیکێکی سپی لە دەمیان هاتۆتەدەرو پەنجەکانیان رەق بوون لە شەری مان و مردندا...". ڕۆژنامەنوسی گواردیانی لەندەنی دێڤید هیرست دەنوسێ: "هەندێکیان هێزی ئەوەیان تیامابوو خۆیان بگەیەننە دەرگای دەرەوەی مالەوە ، دوای چەند هەنگاوێك ئیتر هێزی ئەژنۆیان لەکار کەوتبو ، دایکێك هەر هێشتا باوەشی بە مندالەکانیدا کردبوو ، پیاوێکی پیر هەولی دابوو کۆرپە ساواکەی بە جەستەی خۆی بپارێزێت...".

## ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ، پێکهاتەیەکی ناسەرکەوتوو

بە پێی وتەی پرۆفیسۆر هێندریکس دەبێت دەولەتێك بەفەرمی داوایەك پێشکەش بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بکات و داواکاریەکە قبول بکرێت و بخرێتە بەرنامەوە. لەکێشەی هەلەبجەو کیمیابارانی کوردستاندا ناوبراو پێی وتم: "هیچ دەولەتێك ، هیچ حکومەتێك ئەم دواکاریەی پێشکەش نەکرد". بۆچی دەبێت یاساکە بەم شێوەیە بێت؟ ئەوە یانەی وەرزش نیە ، بەلکو پەیوەندی بە ژیان و مردن و چارەنوسی مرۆڤ و گەلان و نەتەوەکانەوە هەیە. بەم یاسایە بێت دەکرێت ڕژێمی سەدام دوو ملیۆن کوردیش بەژهر بخنکینێت و بە سەدان هەزاریشیان لێ ئەنفال بکات و کەسیش نەبێت بەرگریت لێبکات. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بەم شێوە پێکهاتەیەی ئێستەی ناتوانێت نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەلگای مرۆڤایەتی بێت. تاوانی لەم شێوەیە لەهیچ یاسایەکی ئاسمان و زەمیندا جێگای نابیتەوە. کەسێك بکوژە ناو دەبرێیت بە مرۆڤ کوژ ، بەلام دەیان هەزار بکوژە بە ناوی دەولەتەوە پێی دەوترێ سیاسەتی دەولەت.

## دەرئەنجام

- لە ئەنجامی لێکۆلینەوەی لیژنە تۆکسیکۆلۆجیەکە دەبینرێت رژێمی بەعس چەکی کیمیاوی دژ بە خەلکی سڤیلی کورد بەکار هێناوەو جۆری گازەکانیش دەستنیشان کراوون.

- جینۆساید لەروانگەی یاسای نێودەولەتیەوە بۆی بروانین دەستدرێژیە بۆسەر ئاسایش و ئاشتی گەلان. هەربۆیە دەبێت لەسەر ئاستی یاسای نێودەولەتی مامەلەی لەگەلدا بکرێت. جینۆساید بە تەنیا کێشەیەکی سیاسی نیە بەلکو یاساییشە.
- جینۆساید بە زۆروکەمی ژمارەی کوژراو پێناسە ناکرێ کە ئەو بکەرەی پێگوناهبار بکرێ بەوەی کرداری کۆمەل کوژیی ئەنجامداوە. جینۆساید دەکرێ ئەنجام بدرێ بێئەوەی تەنیا یەك مرۆڤیش تێیدا بکوژرێت. ئەوە بە جینۆساید (گەل کوژیی) دانانرێت ئەگەر ئامانجەکە لەوەدا نەبێت گروپێکی کۆمەلایەتی یان بەشێکی گەل و نەتەوەکە وێران نەکرێ بەمەرجەکانی جینۆساید کردن. جیاوازی دەکرێ لە نێوان کۆمەل کوژی و جینۆساید. ئەوەی دواییان عەمدی و سیستێماتیك نەخشەکێشراوە.
- جینۆساید لەگشت خالەکانیدا پێناسەکراوە بە ئامانجی وێرانکردن و لەناوبردنی سەرجەم یان بەشێکی گەلێك ، نەتەوەیەك، کەمایەتیەك ، رەگەزێك یان گروپێکی کۆمەلایەتی و ئاینی بە شێوەیەکی عەمدی و نەخشەکێشراو.
- جینۆساید دۆسیەیەکی سیاسی ویاسایی گەورەو گرنگە بەدەست کوردەوە لەسەر ئاستی نێوخۆو نێودەولەتی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی.
- دادگای بالای تاوانەکانی عێراق بەفەرمی ددانی بە چوار کەیسی گرنگدا ناوە کە بریتین لە (ئەنفال ، هەلەبجە ، کوردە فەیلیەکان ، بارزانیەکان). کەواتە ئەوەی پێویستە کورد کاری لەسەر بکات بریتیە لە بەکارهێنانی ئەم دۆسیە یاساییە لەسەر ئاستی نێودەولەتی. لێرەدا پێویستە کورد ڕێگاکانی بە نێودەولەتی کردنی دۆسیەی جینۆساید بگرێتەبەر.
- ماوەی چەند سالێکە دادگای بالای تاوانەکان لە عێراق لە بریارێکیدا ژمارە (رس/83/10) بەرواری 1.8.2010 داوا لەدەسەلاتی کوردی دەکات 258 کەس دەستبەسەر بکەن کە بەشداربوون لەجینۆسایدکردنی گەلەکەیان. بەلام تاوانبارەکان بەبەر چاوی قوربانیەکاندا بەئازادی دەسورێنەوە. پێوستە وەزارەتی نێوخۆ فەرمانی دەستگیرکردن بۆ تۆمەتبارەکان دەربکات. ئەگەر دەریش کراوە بۆچی بریارەکە جێبەجێ ناکرێ؟ دەسەلاتی دادوەری لەم هەرێمە هیچ رۆلێك نابینێت تێیدا چونکە سەربەخۆ نیە. بەلام دەسەلاتی سیاسی بەغداش بەرپرسە لە دەستگیرنەکردنی ئەو تۆمەتبارانەی دادگای بالای تاوانەکان بریاری دەستگیرکردنی داوون لەسەر کەیسی جینۆساید کردنی کورد.

- ئەنفال و كیمیاباران بۆخۆیان تراژیدیان، تراژیدیای گەلێكی بەدبەخت و كارەساتێكی مرۆییە بەلام ئەو بەزەیی و سۆزە كە بوونی گرنگە دەبێت تەحویل بكرێ بۆ پرۆسەیەكی سیاسی وئاسایشی نەتەوەیی.
- ئەوە ئەركی زیندوەكانە مافی كوژراوەكان بسێنێت. هەربۆیە دەسەلاتی سیاسی هەرێم دەبێت بەرامبەر بەم دیاردەیە لێپرسینەوەی خۆی هەلبگرێت. بە تەنیا رشتنی فرمێسكی تیمساح ، یادكردنەوە تەقلیدیەكان و هەلگرتنی دروشمی قەبە ، موچەیەكی رەمزی بۆ كەس و كاری ئەنفالەكان كە هی خۆیانە ، هەزار میل دوورە وەك لەو رێگایانەی كە پێشتر ئاماژەم پێداوون كە دەبوایە بكرێن بەلام نەكراوون.
- كەم نین ئەو كۆمەل كوژیانەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەنجامدراوون بەرامبەر بە كوردیش بەلام لەبەر ئەوەی نەنوسراونەتەوەو تەكنەلۆژیای پێشكەوتو نەبووە بۆ تۆماركردنیان هەربۆیە بەئاسانی ونبوون.
- رێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆتە ئامرازی زلهێزەكان و بریارەكانی بەپێی خواستی ئەوان دەردەكات. ئەم رێكخراوە بەم پێكهاتەیەی ئێستەی ناتوانێت ببێتە نوێنەری راستەقینەی دروشمەكانی خۆی و پارێزگاریكردن لە ئاشتی جیهانی بەتایبەت ئەوانەی گەلە لاوازەكان. جینۆسایدكردنی كورد تاقیكردنەوەیەكی راستەقینەی ئەم رێكخراوە بەناو نێودەولەتیە بوو.
- شوێن و زەمەن دوو فاكتەری گرنگن لەمێژودا شوێنەواری گرنگی خۆی داگیركردوە. سەبارەت بە عێراق شوێنی جینۆساید كردنی كورد باشوری كوردستان بوو. زەمەنەكەش سالی 1988 بوو. زەمەن لە رووی سیاسیشەوە رۆل و كاریگەریی خۆی دەبینێت. ئەم دوو فاكتەرە (شوێن و زەمەن) هەردوكیان شووم بوون بۆ كوردو رووداني كارەساتەكان بەتایبەت لەرووی سیاسەتی نێودەولەتیەوە.
- كاركردن بۆ كۆمەلگایەكی ئاشتیخوازو پیادەكردنی سیستەمی پەروەردەی تەندروست بۆ دوور راگرتنی كۆمەلگا لە هزری توندوتیژی ، كۆمەل كوژی و راسیزم پێویستیەكی ژیانیە.

# سەرچاوەکان

## ئینتەرنێت


- www.schrefler.net/.../Völkermord.20.Jhdt-Benz-SS.2007-220607.pdf
- *de.wikipedia.org/wiki/Indianer*
- de.wikipedia.org/wiki/Adolf_Eichmann
- Barth, Boris, Genozid. Völkermord im 20. Jahrhundert. Geschichte, Theorien, Kontroversen. München 2006.
- Konvention über die Verhütung und Bestrafung des Völkermords. Vom 9. Dezember 1948. United Nations Treaty Series Bd. 78, S. 277. Deutsche Übersetzung (nach BGB1. 1954 II S. 730).
- Desmond F ernandez ; Ronald Ofteringer , Verfolgung, Krieg und Zerstörung der ethnischen Identität: Genozid an den Kurden in der Türkei , [Hrsg.: von medico international e.V.] , Frankfurt am Main , 2001.


## ( کتێب )


- **WERNER DOSCH + PETER HERRLICH** کتێبی (نەهیشتنی چەکی ژەهراوی)، شارەزا پزیشکیەکان ئاماژە ئەدەن بۆ مەترسی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی ، فرانکفورت/ ئەلمانیا ، چاپخانەی (**FISCHER**) ، 9851.
- **باوکی عمر، تاوانی ئەنفال لەروانگەی یاسای گشتی نێودەولەتیەوە، و/ دلاوەر عوسمان ، گۆڤاری سەروەری، ل**.17 ، 2006، ل. 42–43.
- بەجینۆساید ناساندن و دەرئەنجامەکانی ، ئامینە مەحمود ، بروانامەی ماستەر.
- المحكمه الجنائيه الدوليه / يكيبيديا ، الموسوعه الحره http:LLar.wikipedia.or ... 29.04.2009
- خەبات عبدالله ، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەریی کوردستانی باشور ، 2000 ، بەشێکی تایبەت بە جینۆساید ، ل. 272 - 277 ، سلێمانی.


## ڕۆژنامەو گۆڤار


1984/3/31+30 / New York Times

1984/3/31 / TAZ

1984/8/6 / (SPIEGEL)

1988/3/30 / Stern